دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٩٩، هەینی ٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی، ٢١ مەی ٢٠٢١

www.kurdistanmedia.com


## پەیامی پیرۆزبایی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ جەژنی ڕەمەزان

بەبۆنەی جەژنی ڕەمەزان کە بۆنەیەکی پیرۆزی موسوڵمانانی جیهانە، پیرۆزبایی خۆم ئاراستەی سەرجەم موسوڵمانان بە تایبەتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەم. هیواداریین لە ئەنجامی خەباتی دووروودرێژی نەتەوەکەمان لەپێناو ئازادی و ڕزگاری، کەشێک بخولقێ کە تێیدا تاکەکانی کۆمەڵگای کوردستان، بە هەر بیروباوەڕ و ئایین و ئایینزایەکەوە کە هەیانە، بە ئازادی بژین و تەبایی و پێکەوە هەڵکردن بکەنە هەوێنی بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک. لامان وایە بۆ گەیشتن بەو دۆخە، دەبێ ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشانمان بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی گەش، پتەوتر بکەین.

**جارێکی دیکە جەژنی ڕەمەزانتان لێ پیرۆز بێت**

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**

**لێپرسراوی گشتی**


**مستەفا هیجری**

**٢٢ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی**




کوردستان وڵاتی پێکەوەژیان

٤



دەنگ بە هەر پاڵێوراوێک دەنگدانە بە نیزام!

٦



ئایدیۆلۆژی ideology

٨



دیمانەی کوردستان

١٠




### پەیڤ

## هاواری مەرگێک

**کەریم پەرویزی**

لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی بانەمەڕدا، هەواڵێك بڵاو بووە کە لەشێکی لەتوپەتکراویان لە شارەکی ئێکباتان، لە تارانی پێتەختی شارستانیەتی پاڵەوی و ویلایەتی فەقیهی، دۆزیوەتەوە و دوایە دەرکەوت ئەم لاشە لەتوپەت کراوە، هی بابەکی خورەمدینی کارگەردانی فارسە کە بە دەستی باوکی و دایکی کوژراوە.

جەناب سەرهەنگی خانەنشینکراو، سەرهەنگ خورمەدین، لە بەردەوم دادوەرەکانی بێدادگای کۆماری ئیسلامیدا دانی بەوەدا ناوە کە خۆی و ژنەکەی کوڕەکەیانیان کوشتووە.

تا ئێرە وەکوو تاوانێکی ترسێنەری کەسانی دەروون ناسالم دێتە بەرچاو کە ڕەنگە چەندین جار لە هەموو گۆشەیەکی دونیا ڕووی دابێ و باوك و دایكێك کە تووشی نەخۆشیی دەروونی هاتبن، منداڵەکەیان کوشتبێ. نموونەی لەو بابەتە کە گرفتێکی دەروونی دەبێتە هۆکاری تاوانێکی بنەماڵەیی زۆر بوون لە وڵاتانی دونیا و چیرۆکی زۆر و فیلمی زۆریان لێ دروست کراوە.

بەڵام ئەمەی جەناب سەرهەنگی سیستمی پاشایەتی و ویلایەتی کردوویەتی، نەك لە چوارچێوەی تاوانێکی کەسێکی نەخۆشدا نییە بەڵکوو هەر وەکوو قازییەکەی ڕێژیم ڕایگەیاندووە، جەناب سەرهەنگ لەباری دەروونییەوە زۆریش تەندروستە!

لەم تاوانە و لەم مەرگەدا دوو قەیرانی قووڵ کە وڵاتی ئێرانیان کردووە بە زەلکاو دەردەکەون و دیوی ڕزیو و گەنیوی کەلتووری و سیستماتیکی ئێرانی ژێر هێژموونیی پاڵەوی- خومەینی، نیشان دەدەن.

جەناب سەرهەنگ و ژنەکەی، نەك تەنیا بابەکی کوڕیان بەڵکوو کچەکەیان و زاواکەشیان لە ساڵانی ڕابردوو کوشتووە و تازەیی دانیان پێدا ناوە. لەم تاوانەدا دوو کەسی بکوژ، نەك لەبەر دۆخی نالەباری دەروونییان، بەڵکوو لەبەر فرەخوازی و مەزنیخوازیی بیری دڕندانەی شۆڤێنیستی پێیان وابووە کە کوڕ و کچ و زاواکەیان، مایەی شەرم و شووڕەیی بۆ خوێن و کەلتووری باوکیانن کە بڕوای بە «مام میهن» هەیە و هەروەك ساڵانی بوونی لە هێزە نیزامییەکاندا بە ناوی مامی میهەنەوە خەڵکی دەکوشت، ئێستە لەبەر خاتری «خون پاك»! منداڵەکانی خۆی تیکە تیکە کرد! ئەمە لایەنێکی ئەو بیر و کەلتوورە ڕزیو و گەندەڵەیە کە مرۆڤەکان لەبەرچاوی دەسڕێتەوە و وەهمی شارستانیەتی کۆن و درۆینەی لەباتی دادەنێ و لەم کاتەدا بەزەیی بە منداڵی خۆیشیدا نایە!

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# باشترین پاداش بۆ شەهیدان درێژەپێدانی ڕێگایانە




دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاوی کردەوە لە شەڕ و تێکهەڵچوونی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و دژی گەلییەکانی ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامیی ئێران دوو پێشمەرگەی کوردستان تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوون.

**دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:**

ڕاگەیەندراوی دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

لە ڕۆژانی ڕابردوودا دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی شار و شاخ بە مەبەستی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکی ناوچەکانی بۆکان و مەهاباد، سەردانی ناوچەی شارویرانی مەهاباد دەکەن.

کاتژمێر ١:٣٠ خولەکی بەیانیی پێنجشەممە ٣٠ بانەمەڕی ١٤٠٠، چەکدارە دژی گەلییەکانی کۆماری ئیسلامی لە سێڕێیانی بورهان لە نێوان ئاواییەکانی بەردەمێش، زگدڕاو و قەرەبڵاغ بۆسە دادەنێنەوە و تەقە لە تیمەکە دەکەن کە پێشمەرگەکان بەمەبەستی پارێزگاری لەخۆیان بەگژیان دادێنەوە.

لە تێکهەڵچوونێکی بەرگریکارانەی کورت ماوەدا چەند چەکداری ڕێژیم دەکوژرێن و بریندار دەبن. بەداخەوە لە ئاکامی تێکهەڵچوونەکەدا پێشمەرگەی شاخ "ئەنوەر نەسیریی چیانە" ناسراو بە "سمکۆ مەحمەڵ" و پێشمەرگەی شار "هاوڕێ سوهراب خەدیرپیوور" ناسراو بە "شاخەوان" خەڵکی شاری مەهاباد شەهید بوون.

تێکۆشەرانی تری دێموکرات لە بۆسەکە دەرباز بوونە و شوێنی تێکهەڵچوونەکەیان بەجێهێشت.

**دەزگای فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان**

**٣١ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ڕاگەیەندراوی ژمارە ١ی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەسەر بەناو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران

گەلانی ستەملێکراوی ئێران!

ئازادیخوازان!

خەڵکی خۆڕاگری کوردستان!

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠٠ی هەتاوی بۆ جارێکی تر شانۆی بەناو هەڵبژاردنەکانی خۆی بەڕێوە دەبات. ئەمە لە کاتێکدایە کە بارودۆخی ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێران لە خراپترین ئاستی خۆی لە مێژووی نگریسی کۆماری ئیسلامیدایە.

مودیرییەتی ناکارامە و نابەرپرسانەی ئابووریی وڵات، گەندەڵیی لەڕادەبەدەری بەرپرسانی ئەم ڕێژیمە و ئابڵۆقە ئابوورییەکان، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی هێناوەتە لێواری هەڵدێرەوە. ئەو دۆخە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەلایەن چین و توێژە جیاوازەکان و لەوانە خەڵکی هەژار و مافخوراوی ئێرانەوە زیاتر هەستی پێ دەکرێت. لە سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی درێژە بە قوماری لەپێشرا دۆڕاوی خۆیان دەدەن و کایە لەسەر گیان و ماڵ و ژیانی خەڵکی ئێران دەکەن و بە درێژەدان بە سیاسەتی چەوتی ناوکی و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و بگرە هەموو جیهان، وڵاتانی دنیایان لەگەڵ خۆیان کردووەتە دوژمن و لە ناوخۆشدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ئاڵقەی یارانی ڕێبەری کۆماری ئیسلامی و نزیکانی دەسەڵات بەرتەسکتر دەبێتەوە. گرتن، ئێعدام و تیرۆر، ئەشکەنجە و تۆقاندن بەشێکی دانەبڕاوە لە شێوازی حکوومەتداریی ئەم ڕێژیمە.

لەو ناوەدا کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر جارە دەورێکی نوێ لە شانۆگەریی هەڵبژاردنەکان دەخاتە بەرچاوی کۆمەڵگای جیهانی و خەڵکی ئێران، هەڵبژاردن چ بۆ مەجلیسی شورای ئیسلامی یان شورای شارەکان و چ بۆ سەرۆککۆماری لە ئێراندا بێت هیچ پێوەندییەکی بە هەڵبژاردنی ئازاد بە شێوەی باو لە دنیای ئازاد و وڵاتانی دێموکراتیکدا نییە و تەنیا شانۆیەکە بۆ ڕازاندنەوەی ڕواڵەتی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و سەرکوتکەر.

لە هەمان کاتدا کۆماری ئیسلامی بە وەڕێخستنی ئەو شانۆگەرییانە هەوڵی داوە خەڵکێکی زۆرتر ڕابکێشێت بەرەو سندووقەکانی دەنگدان و ئەو بابەتە وەک پشتیوانیی خەڵک بۆ نیزامی سیاسی لە قەڵەم بدات و بە بیروڕای گشتیی دنیای دەرەوە و بەشێک لە خەڵکی ناوخۆی بفرۆشێتەوە.

ناوزڕاندن و شەڕی دەسەڵات گەیشتووەتە لووتکەی خۆی و دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامی هەر ڕۆژە کەلێنێکی تازەیان تێدەکەوێت. نفووزی وڵاتانی دەرەکی تا قووڵایی ئەمنی و سەربازی و ئۆپەراسیۆنە یەک لە دوای یەکەکانی وەک تەقاندنەوەی شوێنەکانی بەرهەمهێنانی ئورانیۆم تا بردنە دەرەوەی سەدان و هەزاران بەڵگەی مەحرەمانەی دەوڵەتی تا ئاستێک کە هەموو نهێنییە سەربازی و دەوڵەتییەکان ئاشکرا کراوە و ئیتر شتی شاراوەی بۆ نەماوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ڕێژەی ئەو خەڵکەی هێشتا متمانەیان بە حکوومەت ماوە لە خوارترین ئاستی خۆی لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدایە.

سەرکوتی خۆپیشاندانەکانی ساڵەکانی ١٣٩٦ و ١٣٩٨، درۆ و فریوکاری لەهەمبەر خستنەخوارەوەی فڕۆکەی نەفەرهەڵگری ئۆکراینی لە ڕێکەوتی ١٨ی بەفرانباری ١٣٩٨ لەسەر تاران، خەمساردییان لەهەمبەر پەرەسەندنی ڤایرۆسی کۆویدی ١٩ و زەرەر و زیانی گیانی و ماڵی و ئابووری لە خەڵکی هەژار ئیتر جێگایەکی بۆ متمانە و دڵخۆشی بە پڕۆپاگەندەی دەوڵەتی و حکوومی بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن نەهێشتووەتەوە. لە ئاخرین ڕاپرسییەک کە تێلێڤیزیۆنی ڕێژیم بڵاوی کردووەتەوە دەڵێت تەنیا سی لەسەدی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا بەشداری دەکەن. هەرچەند ئەو ئامارگیرییانەش وەک زۆر شتی دیکە لە وڵاتێکی دیکتاتۆری و کەش و هەوایەکی داخراودا بەڕێوە چووە و ناتوانێت هەموو ڕاستییەکان نیشان بدات و وێدەچێت ڕێژەی بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا زۆر کەمتر لەوە بێت، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئەوە دانپێدانانێکی سەرنجڕاکێشە کە لە زمانی دامودەزگا دەوڵەتییەکانەوە دەبیسترێت.

خەڵکی خەباتکاری کوردستان!

ئاستی نارەزایەتیی خەڵک تا دێ، ڕوو لە هەڵکشانە و خەڵک بە تەواوی لەو ڕێژیمە بێ هیوا بوونە و ئەو نارەزایەتییە جەماوەرییە ئیتر تەنیا تایبەتمەندیی نەتەوە بندەستەکانی ئێران نییە و هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگای ئێرانی گرتووەتەوە. نارەزایەتییەکانی ئەم ساڵانەی ڕابردوو، کە خەڵک لەسەر موحتاجبوون بە نانی شەوی خۆیان دەریانبڕیوە ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تا چ ڕادەیەک کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتدارانی بێکیفایەت و نابەرپرسن لە ئاست ژیان و بژێویی خەڵکدا.

دیارە بارودۆخی کوردستان تا ڕادەیەکی بەرچاو خراپترە لە هەموو بەشەکانی دیکەی ئێران. خەڵکی کورد جیا لە هەڵاواردنی ئابووری کە بەسەریاندا سەپاوە و کەوتوونەتە ژێر گوشارێکی زیاتر، لە هەموو بوارەکانی دیکەشدا هەر لەژێر گوشار و هەڵاواردندان.

لەبیرمان ناچێتەوە کە سەرۆککۆمارەکانی پێشوو هەر جارەو بە دروشمێکی نوێ و بەڵێنیی جۆراوجۆر هەوڵیان داوە خەڵک بهێننە سەر سندووقەکانی دەنگدان و دواتریش وەڵامیان بۆ خەڵکی تێکۆشەری کوردستان گوللە و پەتی سێدارە و زیندان بووە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دوای لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی بارودۆخی ئێستای ئێران و ناوچەکە بەو ئاکامە گەیشت کە بەشداریی خەڵک لەو هەڵبژاردنەشدا هەر وەک جارانی پێشوو هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵک تێدا نابێت و تەنیا دەبێتە کەرەستەی پڕۆپاگەندەی کۆماری ئیسلامی بۆ نیشاندانی ئەوەی کە لەنێو خەڵکدا ڕەوایی هەیە. لەوە زۆرتر بەشداریی خەڵک لەم هەڵبژاردنەشدا دەبێتە یارمەتیدەر و پاساودەری سەرکوتی زیاتر، ئەشکەنجەی زیاتر و ئێعدامی زیاتر لە جاران و مۆری تەئیدێک لەسەر کردەوەکانی کۆماری ئیسلامی.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران داوا لە خەڵکی ئازادیخوازی ئێران و بە تایبەت کوردستان دەکات کە هەڵبژاردنەکانی سەرۆککۆماری و شورای شار و دێیەکان تەحریم بکەن و بە بەشداری نەکردنی خۆیان و چۆڵ ڕاگرتنی سندووقەکانی دەنگدان، ئەم هەڵبژاردنە بکەنە ڕێفراندۆمی دەنگی "نا" بە کۆماری ئیسلامی و هەموو جەنایەت و گەندەڵییەکانی.

لە ڕوانگەی ئێمەوە تەنیا دەنگنەدانی تاکەکان بەس نییە، بەڵکوو هەموو تاکێکی کۆمەڵگا دەبێ ببێتە تریبۆنی "نا" بۆ هەڵبژاردن و هەموو لایەک وێکڕا، بکەوینە خۆ بۆ تەحریمی چالاکی هەڵبژاردنەکانی ئەو دەورەیەی کۆماری ئیسلامی و بە تەواوی پووچەڵبوونی ڕەوایی ڕێژیم بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بکەین و بسەلمێنین.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**١٧ی گوڵانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

**٧ی مەی ٢٠٢١ی زایینی**

# لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی نەخۆشخانەی حیزبی کرد




لە ڕۆژی جیهانیی پەرستاردا "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی نەخۆشخانەی حیزبی دێموکراتی کرد.

لەو سەردانەدا بەبۆنەی ڕۆژی جیهانیی پەرستاردا "هیجری" لەگەڵ کادری دەرمانی و پەرستارەکان کۆ بوویەوە و گوێی لە قسەکانی پەرستارەکان گرت.

پەرستارەکان لەو سەردانەدا ویست و داخوازییەکانی خۆیان بۆ لێپسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات خستە ڕوو.

هاوکات "مستەفا هیجری" سپاسی زەحمەت و تێکۆشانی کادر و پەرستارەکانی نەخۆشخانەی حیزبی دێموکراتی کرد کە لە قۆناغە هەستیار و سەختەکاندا هەمیشە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی خۆیان بەڕێوە بردووە.

لەو سەردانەدا "هیجری" دەستخۆشی لە پەرستارەکان کرد کە لە کاتی بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کۆرۆنادا زەحمەتێکی زۆریان کێشاوە.

# بڵاوکراوەی "هەڵبژاردن" چاپ و بڵاو کرایەوە




بڵاوکراوەی هەڵبژاردن کە تایبەتە بە پرسی هەڵبژاردن لە ئێراندا، لەلایەن دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتەوە چاپ و بڵاو کرایەوە.

"هەڵبژاردن" کە بڵاوکراوەیەکی سیاسی-ڕووناکبیریی تایبەت بە پرسی هەڵبژاردن لە ئێراندایەلەلایەن دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ئامادە و چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەو بڵاوکراوەیە لەژێر ناوی "هەڵبژاردن"دایە و وەکوو چالاکییەکی دەزگای هەڵبژاردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەژمار دەکرێت کە لەسەروبەندی بەناو هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاویی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا دەکەوێتە بەر دیدی خوێنەران.

ئەو بڵاوکراوەیە بە تایبەتی تەرخان کراوە بە پرسی هەڵبژاردن لە ئێراندا، چاپ و بڵاوکردنەوەی هاوکاتە لەگەڵ ڕاگەیاندنی سیاسەت و هەڵوێستی "بایکۆت"ـی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پێوەندی لەگەڵ بەناو هەڵبژاردنەکانی جۆزەردانی ١٤٠٠ی هەتاویی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا.

ئەو بلاڤۆکە لە کۆمەڵێک بابەت و وتووێژ (٢٧) بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی و هەروەها بە قەڵەم و نووسەری جیاوازەوە پێکهاتووە، و هەوڵیداوە لە ڕەهەندی جوراوجۆرەوە بە ئاراستەی بایکۆتی ئەو بەناو هەڵبژاردنە، خوێندنەوە و شیکردنەوەی ئەو پرسە بکاتەوە کە ئێستا هەم چاپکراوەکە و هەم بە فایلی پی دی ئێف لە خزمەتی ئێوە خوێنەراندایە.

# لە کوردستان چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو



**مەریوان**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری مەریوان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە برد.
ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لۆگۆی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بۆ پشتگری و ورەبەخشی بە هێزی پێشمەرگە لە بەشێک لە شوێنەکانی شاری "مەریوان" بڵاو کردووەتەوە.
ئەو چالاکییانە لە پارکی شانۆ، نەخۆشخانەی بووعەلی، چوارڕێیانی نەخۆشخانەی قەدیم و کۆڵانەکانی ڕووبەڕووی دادگا بەڕێوە چوونە.

**مەهاباد**

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە مەهاباد لە گۆڕستانی "حاجی لەک" ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد.
هاوکات تێکۆشەرانی دێموکرات لە بەرزاییەکانی قەڵاتی شا لەنێوان مەهاباد و نەغەدە و پیرانشار ئاڵای کوردستانیان هەڵ کرد.
لە درێژەی ئەو چالاکییانەدا خەباتگێڕانی دێموکرات لە شاری ئاودانانی ئیلام ئاڵای کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکراتیان هەڵ کرد.

**شنۆ**

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی "سۆفیان" سەر بە شاری شنۆ بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات و لە بەرەبەری چلەی شەهید "لوقمان مێهفەر" چالاکی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
ئەو چالاکییە بەو درووشمانە بەڕێوە چوونە:"سەرکەوێ ڕاسان، ڕاسانەوە هەتا ئازادی، یادت هەرمان شەهید مێهفەر، یادت هەمیشە زیندوویە وانەبێژی ڕاسان، سەنگەرت ئاوەدان هاوڕێ".
شەهید "لوقمان مێهفەر" ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بووە و لە ڕێکەوتی ٢١ خاکەلێوەی ١٤٠٠ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆنا سەنگەری خەباتی بۆ هاوڕێیانی بەجێهێشت.

**سنە، سەقز و ورمێ**

ڕۆڵەکانی نیشتمان بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات لە شارەکانی کوردستان چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.
ئەو چالاکییانە بە درووشمەکانی وەک: "بژی دێموکرات، ڕاسان بەردەوامە، بەڵێن نوێ دەکەینەوە لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان" بەڕێوە چوونە.
تێکۆشەرانی دێموکرات لە گوندی "سەرێز" سەر بە سنە چالاکییان بەڕێوە بردووە.
لە ورمێ ڕۆڵەکانی دێموکرات لە تەرگەوەڕ چالاکییان بەڕێوە بردووە.
لە سەقز لە چیای ڕووش ئاڵای کوردستانیان هەڵ داوە.
چالاکیی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات پیشاندەری ئەوەیە کە هیچ زەبر و سەختێک ناتوانێت پێش بە بەردەوامیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی حیزبی دێموکرات بگرێت.

**بانە**

لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاویدا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەر بە پێشمەرگەکانی شار لە چالاکییەکی سیاسی - تەشکیلاتیدا خاک و خەڵکی کوردستانیان بەسەر کردەوە.
لە درێژەی کار و چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەستەیەك لە پێشمەرگە دڵسۆزەکانی نیشتمان لە ناوچەی بانە چەندین گوندی ئەم شارە و هەروەها نێو شاری بانەیان بەسەر کردەوە کە بووە مایەی دڵخۆشی خەڵک.
لەم چالاکییەدا کە لە قووڵایی خاکی کوردستان ئەنجام درا، ویڕای بڵاوکردنەوەی دووبارەی پەیامی ڕاسان، هێزی پێشمەرگە دڵنیاییان بە خەڵکی کوردستان دایەوە کە تا سەر وەفادار بە ڕێگا و ڕێبازەکەیان دەمێننەوە و لەگەڵ ویست و ئاواتەکانی خەڵکن.
لەم چالاکییەدا پێشمەرگەی شار سەلماندیانەوە کە لە نێو دڵی خەڵکەوە سەرهەڵ دەدەن و نیشتمان باوەشی بۆیان ئاوەڵایە، لە بەرامبەریشدا خەڵکی کوردستان خۆشحاڵییان لەو چالاکییە دەربڕی و دڵگەرم بوون بە بوونی پێشمەرگە و و ئەو هێما و سێمبۆلانەی کە هەڵی دەگرن و ئاڵای خەباتیان بەرز ڕاگرتووە.

# خۆپیشاندانی پەنابەرانی سیاسیی کوردستانی ڕۆژهەڵات گرژیی تێکەوت





لە دوای ئەوەیکە پەنابەرانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە بەردەم UN بەنیسبەت وڵامنەدانەوە بە ویست و داخوازییەکانیان خۆپیشاندانیان بەڕێوە برد، گرژی دروست بوو. خۆپیشاندەران بەهۆی ئەوەیکە داوایان کردبوو لەگەڵ بەرپرسانی UN چاوپێکەوتن ئەنجام بدەن لەگەڵ هێزەکانی پۆلیس لەبەردەم UN تووشی گرژی بوون.
هێزەکانی پۆلیس بە باتووم پێشیان بە پەنابەران گرت.خۆپیشاندەران دوای مافی سیاسیی خۆیان دەکەن و کردووە بەڵام لەلایەن بەرپرسانی UN وڵامیان نادرێتەوە.
ئەو خۆپیشاندانە بۆ ئەوە بەڕێوە چووە کە دوو پەنابەری سیاسی لە بەردەم UN بۆ گەیشتن بە مافەکانیان مانیان گرتبوو بەڵام بەهۆی ئەوەیکە وڵامیان نەدرابووە یەکێکیان ئاگری لەخۆی بەردا.
ڕێکەوتی ٢٨ی بانەمەڕ دوو پەنابەری سیاسیی کورد بە ناوەکانی "بێهزاد (محەممەد) مەحموودی" خەڵکی بۆکان و "فەردین گرامی" خەڵکی نەغەدە لەبەردەم دەفتەری نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر مانیان گرتبوو.
لەو مانگرتنەدا "بێهزاد مەحموودی" بەهۆی ئەوەیکە وڵامی داواکارییەکانی لەلایەن ئەو ڕێکخراوەیە نەدرابوویەوە، ئاگری لەخۆی بەردا.
ئەو دوو پەنابەرە سیاسییە لەبەردەم دەفتەری نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر بەهۆی ئەوەیکە وڵامی داواکارییەکانیان نەدرابوویەوە، دەستیان دابووە مانگرتن و بە هەواڵنێرانیان وتبوو وڵامیان نەدراوەتەوە.
"بێهزاد" دوای ئەوەیکە ئاگر لەخۆی بەردەدات تووشی سووتاوی بە ڕێژەی ٩٠ لەسەد دەبێت و بۆ نەخۆشخانەی ئیمێرجێنسیی هەولێر ڕادەگوازرێت.
دۆخی جەستەیی ناوبراو نالەبار ڕاگەیەندراوە. "بێهزاد مەحموودی و فەردین گرامی" ئەندامی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانن.

# هێرشی سەلەفییە جیهادییەکان بۆ سەر لاوانی سەقز چەندین برینداری لێکەوتەوە



ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٢٤ی بانەمەڕ، دەستەیەک لە سەلەفییە جیهادییەکان لە شاری سەقز بە ناوەکانی "ئەمین ئەحمەدپوور ناسراو بە ئەمین عەبە قلوو، پەیمان غەفاری و ئەرسەلان ڕەزایی" و کۆمەڵێکی دیکە بە چەقۆ و شمشێر هێرشیان کردووەتە سەر چەند لاوی ئەو شارە و زۆر بەسەختی برینداریان کردوون.
شوناسی ئەو چەند لاوەی کە هێرشیان کراوەتەسەر بەم چەشنەیە: "هاوڕێ مەلەکی، سەلمان نەقشبەندی، شەهرووز کوهزادی، سالار ئەسلەم و مێهرداد کەریمی".
"هاوڕێ مەلەکی" برینەکەی زۆر قووڵە و باری تەندروستیی ناجێگیرە و ئێستاش لە نەخۆشخانەی خوومەینیی شاری سەقز لەژێر چاودێریی پزیشکیدایە.
ئەو سەرچاوەیە ڕایگەیاندووە، نەخۆشخانەی خومەینی لەژێر چاودێریی وردی هێزە ئەمنییەتییەکاندایە و بە بیانووی ڤایرۆسی کۆرۆناوە ئیزن نادەن سەردانی ئەو کەسانە بکرێت.
ئەوە لە حاڵێکدایە دوو حەوتوو لەمەوبەر سەلەفییە جیهادییەکان لە گەڕەکی داسێرانی شاری مەریوان هێرشیان کردبووە سەر خەڵکی مەدەنیی ئەوە شارە و چەند کەسێکیان لێ بریندار کردبوو.

# ئیتلاعاتی ڕێژیم هێرش دەکاتە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان



ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢١ی بانەمەڕ هێزەکانی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە گوندی "دەلۆدەربەند" سەر بە ورمێ هێرشیان کردووەتە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان لەو گوندە. بەپێی زانیاری گەیشتوو بە "کوردستان میدیا" هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیم بە بیانووی هەبوونی پێشمەرگە لەو گوندە ڕژاونەتە نێو گوندەکە و هێرشیان کردووەتە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان.
هەروەها هێزەکانی ڕێژیم پرسیاریان لە خەڵک کردووە کە پێشمەرگە لەو گوندە هەیە یا نا و خەڵکیشیان ئازار داوە.
هاوکات هێزەکانی ڕێژیمی ئێران شەوانە لە مزگەوتی ئەو گوندە دەمێننەوە و چاودێری بە سەر خەڵکدا دەکەن.

# پەیامی پیرۆزبایی یزاکا بەبۆنەی جێژنی ڕەمەزان


باوەڕداران و ڕۆژووانانی موسوڵمان و هاونیشتیمانیانی بەڕێز
ئەوا ساڵێکیتر لە تاقیکاریی مانگێکی پڕ لە بەرەکەت و بەخشش و لێبووردەیی گووزەراین و بەخۆڕاگری و ئەرکداری مانگی ڕەمەزانمان تێپەڕ کرد.
ڕەمەزان نۆیەم مانگی ڕۆژمێری کۆچییە، ئەو مانگە لای موسوڵمانان نرخ و ئەرزشێکی بەرزی هەیە و وەک ڕوکنێکی ئەساسی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام دەبینرێت، ڕەمەزان ناوەندی خۆپێگەیاندن و سەربەرزی و خۆشەویستی و دڵسۆزییە، فەلسەفەی ڕۆژووگرتن ڕێگایەکە بەرەو بەدەستهێنانی ڕزامەندیی خودای گەورە و دووربوونەوەیە لە خراپەکاری و خەمخۆری هەژارانە، ڕەمەزان پڕە لە لێبووردەیی و ئاشتەوایی و یەکبوون و یەکگرتنەوە.
سەرکەوتن و ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزە ڕاکێشانە بەرەو بەختەوەری و ڕزگاری.
یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران، بەم بۆنەوە پیرۆزبایی دەکات لە سەرجەم باوەڕدارانی جیهان و چوار پارچەی کوردستان و بنەماڵەی شەهیدان و زیندانیانی خۆڕاگری سیاسی و هەموو تێکۆشەرانی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و ئاواتەخوازی بەدیهاتنی سەرجەم مافەڕەواکانمانین.
هەروەها داواکارین لە ڕۆژانی جێژنی ڕەمەزانی پیرۆزدا منداڵانی شەهیدان و زیندانیانی سیاسی و چینی هەژار و بێ دەرەتان لە یاد نەکەن و بە سەردانیکردنیان بەشداریان بکەن لە خۆشی و شادییەکانتان.

**هەر ڕۆژێکتان جێژن و جێژنتان پیرۆز بێت.**

**یەکیەتیی زانایانی ئایینی کوردستانی ئێران**

**٢٢ی بانەمەڕی ١٤٠٠ی هەتاوی**

# ڕێژیمی ئێران گوندەکانی بانەی بە هێزەکانی خۆی تەنیوە



بەپێی زانیارییەکانی گەیشتوو بە ماڵپەڕی "کوردستان میدیا" لە گوندی "بڵەسەن" و ڕێگای بانە بۆ دێهاتەکانی سەر سنوور، ڕێژیم هێزێکی زۆری جێگیر کردووە.
بەپێی زانیارییەکان هێزەکانی ڕێژیمی ئێران خاڵی پشکنینیان داناوە و ئیزن نادەن کە خەڵک بە ئاسانی هاتوچۆ بکەن.
هاوکات ڕێژیم گوندەکانی ئەو شارەی پڕ کردووە لە هێزی نیزامی و چاودێری بەسەر خەڵکدا دەکەن.
بەهۆی چالاکییەکانی پێشمەرگەی شار لە ماوەی ڕابردوودا لە بانە ڕێژیم ترسی لێ نیشتووە.
لە ڕۆژانی کۆتایی مانگی بانەمەڕی ئەمساڵدا، پێشمەرگەکانی شار سەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە چالاکییەکی سیاسی - تەشکیلاتیدا لەگەڵ خەڵک دیداریان کرد.
هاوکات دەستەیەک لە پێشمەرگەکان لە چەندین گوندی ناوچەی بانە، هەروەها لەنێو شاری بانە، جەولەیان بەڕێوە بردبوو.
لەم چالاکییەدا کە لە قولایی خاکی کوردستان ئەنجام درا، ویڕای بڵاوکردنەوەی دووبارەی پەیامی ڕاسان، هێزی پێشمەرگە دڵنیاییان بە خەڵکی کوردستان دایەوە کە تا سەر وەفادار بە ڕێگا و ڕێبازەکەیان دەمێننەوە و لەگەڵ ویست و ئاواتەکانی خەڵکن.

## پەیڤ

لایەنی ڕزیوی دیکەی ئەم کارەساتە ئەوەیە کە گەر دادگای کۆماری ئیسلامی حوکمی بکوژەکان بدات، لەبەر کوشتنی کوڕەکەیان، باوکەکە وەك بکوژی سەرەکی، تەنیا سێ ساڵ زیندانی بۆ دەردەچێ و دایکەکە وەك یارمەتیدەری بکوژەکە، ١٥ ساڵ زیندانی دەکرێ!!
باوك دەتوانێ کوڕەکەی خۆی بکوژێ چوونکە بە پێی یاسای ویلایەتی فەقیهی «وەلیی دەمە» و تەنیا سێ ساڵ زیندان دەکرێ! دایکیشی چوونکە ژنە، هەرچەند تاوانەکەی یارمەتیدەری بووە و کەمترە، بەڵام سزاکەی قورسترە و ٥ قاتی باوکەکە سزا دەدرێ!
تەنیا مەرگێکی وەها دەتوانێ ئەوەندە بە بەرزی هاوار بکا و دار لە زەلکاوی هێژموونیی مەزنیخوازی -ویلایەتی فەقیهی بەر دا و بۆگەنەکەی هەموو دونیا هەستی پێ بکەن، دەنا بۆ دەیان ساڵ لە ژێر وشە و دروشمە بریقەدارەکاندا دەشارێتەوە و مرۆڤایەتیش بۆ دەیان ساڵی دیکە لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێراندا ئازار دەکێشێ.

# کوردستان وڵاتی پێکەوەژیان

**زرێبار**

لە ماوەی یەک مانگی ڕابردوودا، لە چەند کردەوەیەکی نامۆ، کۆمەڵێک لاوی توندئاژۆ لە ژێرناوی پاراستنی بەها ئایینییەکانی ئیسلام، هەڵیانکوتایە سەرماڵ و دووکانی چەند هاووڵاتی لە شاری مەریوان و وێڕای توندوتیژی جەستەیی، هەڕەشەی زمانبڕین و سەربڕینی خەڵکیان کردووە؛ کردەوەیەک کە لە نێو خەڵکی شاری مەریوان وەک دیاردەیەکی نامۆ دێتە ئەژمار و لە ڕێڕەوی مێژوویی ئەو شارەدا کردەوەی لەو چەشنە بە هیچ شێوازێک نەبینراوە.

شرۆڤە و لێکدانەوەی بیرۆکەی ڕزیوی توندئاژۆیی ئایینی، لە چەند خاڵ خۆی دەبینێتەوە کە لە درێژەدا ئاماژەیان پێدەکەین:

١. سەرهەڵدانی گرووپگەلی ئایینی لە کوردستان لەژێر شوێندانەری باوەڕی سەلەفی-جیهادی لە نێو وڵاتانی عەرەبی و بەتایبەت ڕێنوێنییەکانی ڕێبەرانی ئیخوانولموسلیمین و دوابەدوای پێکهاتنی وڵاتی ئیسرائیل و هەروەها هێرشی سۆڤیەتی پێشوو بۆ ئەفغانستان بووە. سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەرپابوونی حکوومەتی ئیسلامی شیعەی ویلایەتی لە ئێران و هەروەها دۆڕانی هێزی نیزامی وڵاتانی عەرەبی لە بەرانبەر ئیسرائیل،دەرەتانی دەرکەوتنی بە هێزی بیرۆکەی سەلەفی-جیهادی لە نێو کۆمەڵگای ئیسلامی و بەتایبەت عەرەبی خۆش کرد و لە هەموو سووچ و قوژبنی وڵاتانی ئیسلامیدا خەڵکانی باوەڕمەند و جیهادی خۆیان تێکەڵ بە ڕەوتێک کرد کە دواتر بە سەلەفیەتی جیهادی ناودێر کرا.

سەلەفییەتی جەهادی لەو قەناعەتەدایە کە ڕێگای ڕزگاری ئایینی ئیسلام لە ئێستێحالەبوون لە نێو فەرهەنگی نەتەوەیی وڵاتان و هەروەها بەربەرەکانێ لەگەڵ فەرهەنگی ڕۆژئاوایی، گەڕانەوە بۆ باوەڕەکانی سەدەی یەکەمی سەرهەڵدانی ئیسلام و خۆدەربازکردن لە هەرجۆرە بیرۆکەیەکی تر دەبێ و بۆ ئەو مەبەستە جیهاد دژی ڕۆژئاوا و باوەڕی ناسیونالیستی لە نێو وڵاتانی ئیسلامی لەو ڕێگەیەوە مسۆگەر دەبێ. ئەوەی ڕاستی بێ داڕێژەرانی ئەم بیرۆکەیە سەرەڕای بانگەشەی چەمکی «ئۆممەتی ئیسلامی»،بەڵام لە کردەوەدا لە خزمەتی شۆڤینیزمی عەرەبیدان و هەموو باوەڕمەندانی ئەم بیرۆکەیە زمانی عەرەبی و فەرهەنگی عەرەبی وەک هێمایەکی بایەخدار چاوی لێ دەکەن و ڕووداوەکانی دوای دارمانی ڕێژیمی سەدام لە عێراق ئەم بۆچوونەی تا ڕادەیەکی زۆر چەسپاندووە.

دروشمی بریقەداری ئۆممەتی ئیسلامی و هەروەها پروپاگەندەی بەهێزی ئەم ڕەوتە هزرییە لە کوردستان بووەتە هۆی ئەوەی هەر لە دەیەی ١٩٧٠، ڕەوتێکی ئیسلامی لە باشووری کوردستان سەرهەڵبدا کە لە ڕواڵەتدا بانگەشەی ڕزگاری گەلی کوردی لە چوارچێوەی فەرهەنگ و هزری ئیسلامی دەکرد؛ بەڵام لە کردەوەدا گرووپگەلێکی لێ جیابوونەوە کە دواتر ڕەوتی سەلەفی جیهادی لە باشووری کوردستانی لێ کەوتەوە.

ئەم ڕەوتە لە ژێرناوی جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلام بۆ ماوەیەک حکوومەتێکی ئیسلامییان لە ناوچەی هەورامان و شارەزووری باشووری کوردستان دامەزراند.

دەسەڵاتی ئەو گرووپانە لە ژێرکاریگەری کۆماری ئیسلامی ئێران و بۆ ئاژاوەنانەوە لە هەرێمی کوردستان و کزکردنی بیروباوەڕی نەتەوەیی و کوردایەتی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو.

دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام و ئازادکردنی ناوچەی هەورامان لەژێر دەستی ئەو گرووپانە، کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگای بۆ هەموویان خۆش کرد کە بێ هیچ گرفتێک ڕوو لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بکەن و لە چەندین ئۆردووگا و لەژێر چاودێری قەرارگای ڕەمەزان گیرسانەوە.

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەنیسبەت باشووری کوردستان کۆمەڵگایەکی کراوەترە و ڕەوتی نەتەوایەتی و عەلمانیەت لە نێو جەماوەری خەڵک و چالاکییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان ڕوون و بەرچاوە و ئەحزابی سیاسی کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران جێگە وپێگەیەکی جەماوەری بەهێزیان هەیە؛ هەر ئەم دۆخە،نیگەرانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بە شوێن خۆیدا هێناوە و هەربۆیە فەزایەکی ئازاد و بێ دڵەڕاوکێ بۆ بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی خولقاندووە؛ هەرچەندە کۆماری ئیسلامی بە ڕواڵەت دژایەتی سەلەفییەت دەکات و جاروبار کەسانێک لەژێر ئەو ناوە ڕاپێچی زیندانەکان دەکات، بەڵام بە کردەوە دەستی ڕەوتی جیهادی سەلەفی لە ئێران و کوردستان ئاوەڵا کردووە.

٢. لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سەرەتای بەرپابوونی کۆماری ئیسلامی،تەنیا ڕەوتی ئیسلامی لە کوردستان، مەکتەبی قورئان بە ڕێبەرایەتی مەلا ئەحمەدی موفتی زادە بوو؛ کە دواتر بە هۆی دژایەتی خومەینی، ڕێبەری ئەو ڕەوتە کەوتە زیندانەوە و دوای دە ساڵ زیندانی بوون ئازاد کرا و کۆچی دوایی کرد.

ئەم ڕەوتە،ڕوانینی بۆ ئیسلام ڕوانینێکی مۆعتەدێلە و تا ڕادەیەکیش باسی دۆزی نەتەوەیی دەکەن و لە هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامی بەشداری ناکەن، بەڵام لە ڕێوڕەسم و بۆنەکاندا، کۆبوونەوە دەگرن و ئازادانە کاروچالاکییان هەیە و لە ڕێگای دابەشکردنی شتوومەک و چالاکیی ئابوورییەوە خەریکی خۆڕێکخستنەوە و ئەندامگیری لە نێو خەڵکی هەژاری کوردستانن.

جەماعەتی دەعوەت وئیسلاح، گرووپێکیتری ئیسلامی ڕۆژهەڵاتی کوردستانن کە دەکرێ وەک کۆپی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی باشوور چاویان لێبکرێت.

ئەم گرووپە ئازادانە چالاکی دەکەن و ڕێبەرەکەیان عەبدولڕەحمانی پیرانی پەیوەندییەکی لەگەڵ ناوەندی دەسەڵات هەیە و تیرۆری قاسم سلێمانی سەرکۆنە دەکەن و لە هەموو هەڵبژاردنەکانی کۆماری ئیسلامیدا بەشدارییان کردووە بەڵام پێگەیەکی جەماوەری ئەوتۆیان لە نێو خەڵکدا نییە.

ئەم دوو گرووپە کە ئاماژمان پێدا بەرچاوترین گرووپی ئیسلامین کە لە چوارچێوەی ڕێکخراو خەریکی کاروچالاکین.

٣. سیاسەتی شیعەسازی لە کوردستان و بەلووچستان و هەروەها هەڵپەساردنی چالاکی پێشمەرگانەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات، بۆشاییەکی هەستپێکراوی لە نێو جەماوەری کوردستان بە تایبەت لاوان دروست کرد کە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارە و دژایەتی کۆماری ئیسلامی بەشوێن ئاڵتێرناتیڤی نوێ بگەڕێن کە بەداخەوە ئەم ئاڵتێرناتیڤانە لە بواری ئایینی، ڕەوتی «سەلەفی-جیهادی» لێ کەوتووەتەوە.

بە باوەڕی ئەم جۆرە لایەنگرانەی ئەم ڕەوتە توندانە، ئەحزابی کوردستانی، ڕێڕەوی پەسیف بوونیان هەڵبژاردووە و لە ڕێگەی چالاکی پێشمەرگانە و شۆڕشگێڕی لایان داوە و هەروەها گرووپگەلی ئایینیش تەنیا خەریکی چالاکی فەرهەنگی و پەروەردەی تاکی خۆیانن و بە کردەوە هەنگاوێک بۆ بووژانەوەی ئایینی و بەتایبەت باوەڕەکانی ئەهلی سونەتیان هەڵنەگرتووە.

ئەم لاوانە بەداخەوە بە هۆی خوێندنەوەی سەقەتەوە کەوتنە داوی گرووپگەلی توندئاژۆ و سەدان کەسیان لە وڵاتانی ئەفغانستان،سووریە،عێراق و تورکیە کوژراون.

ئەگەر بمانهەوێ بە شێوازێکی قووڵ و خەسارناسانە ئەم ڕەوتانە هەڵسەنگێنین دەبێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی،سیاسی، فەرهەنگی و هەروەها دەروونناسانەی ئەندامانی لاو و کەمئەزموونی ئەم گرووپانە لەبەرچاو بگرین.

٤. دوابەدوای هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان و گۆڕانی ئایینی خەڵکی ناوچەکە لە زەردەشتییەوە بۆ ئیسلام، خەڵکی کوردستان ئیسلامیان بە پێی دۆخی جۆگرافیایی و فەرهەنگی خۆیان هەڵبژارد و ڕێوڕەسمەکانی ئایینی ئیسلامییان بە شێوازێکی بەرچاو، بۆن و بەرامەی کوردستانی بەخۆیەوە گرت؛ بە واتایەکی تر ئیسلامی عەرەبی لە فیلتێری فەرهەنگی و جوگرافیایی کوردستان پێناسەیەکی کوردیزەی بۆ کرا و وەک ئایینێکی ئاشتیخوازانە هەموو ڕێگای بۆ بووژانەوەی هەموو بیروباوەڕەکانیتری لە کوردستان مسۆگەر کرد.

ئیسلامی کوردستانی، ئیسلامی پێکەوەژیان و برایەتییە؛ ئیسلامی کوردستانی کە لە باب وباپیرانمانەوە وەک میراتێک بۆ ئێمە ماوەتەوە ئەو بیرۆکەیەی لە کوردستاندا بڵاو کردووەتەوە کە کوردستان شوێنی موسوڵمان،مەسیحی،یەهوودی،ئێزەدی و یارسانەکانە و هەموو ئایین و ئایینزایێک لە کوردستان جێگای دەبێتەوە و شوێنە پیرۆزەکانی ئایینەکانی تر لە پاڵ مزگەوتەکانی موسوڵمانان پارێزراو دەبن و موسوڵمانی کوردستانی بە هیچ شێوازێک بیر لە قەڵاچۆ و بێڕێزی بە دانیشتووانی غەیرە موسوڵمان ناکاتەوە و مێژووی کوردستان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ئەم وڵاتە مەڵبەندی تۆلێرانس و مۆدارا بووە و کەس نەبینراوە لەسەر باوەڕ و عەقیدەی خۆی ئازار و بێ حورمەتی چێشتبێ.

٥. مامۆستایانی ئایینی کوردستان پەروەردەکراوانی حۆجرەکانی ئەم وڵاتەن کە وەک کەسێکی خەڵکی و دوور لە هەر دەمارگرژییەک خزمەتی ئایین و نەتەوەییان کردووە و لە بواری فەرهەنگی،کۆمەڵایەتی و سیاسی، ڕۆڵێکی زۆر ئیجابییان گێڕاوە و مێژووی فەرهەنگی و ئەدەبی و هەروەها چالاکی سیاسی و کوردانەی مامۆستایانی ئایینی کوردستان سەلمێنەری ئەو ڕاستییە لە ڕوانگەی حۆجرەکانی کوردستانەوە خزمەت بە ئایین و کوردایەتی هیچ چەشنە دژایەتییەکیان لەگەڵ یەک نییە و مامۆستای ئایینی بە ئاوەز لە دەستێکی قورئان و لە دەستێکی تری ئاڵای نەتەوەییان بەرز کردووەتەوە. شۆڕشەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان سەلمێنەری ڕۆڵی بەرچاو و نەتەوەیی مامۆستایانی ئایینی ئەم وڵاتەن کە وەک ڕێبەر و ڕێکخەری بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ناوی پیرۆزیان لە مێژووی ئەم گەلە چەوساوەدا تۆمار کراوە و هەر کوردێکی بەشەرەف و نیشتمانپەروەر بە بیستنی ناو و کەسایەتییان شانازییان پێوە دەکات. شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری،شێخ سەعیدی پیران، شێخ عەبدولسەلامی بارزانی، شێخ مەحموودی حەفید، شێخ ئەحمەدی بارزانی و پێشەوا قازی محەممەد و مەلا مستەفای بارزانی نموونەگەلێک لە هەزاران پەروەردەکراوانی حۆجرەکانی کوردستانن کە خزمەتی بیری نەتەوەیی و ڕێبازی پرسەروەری کوردایەتییان کردووە.

مێژووی کوردستانی سەردەم، ئیسلامی وەک یەکێک لە کۆڵەکەکانی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەم وڵاتە ناساندووە و ئایین لە کوردستان وەک باوەڕێک لە خزمەتی کۆمەڵانی خەڵکی ئەم وڵاتە خۆی پێناسە کردووە و هیچ کات ئایین بەرەو دۆگماتیسم و دژایەتی ئەوانی تر کەڵکی لێ وەرنەگیراوە؛ چوونکە دۆخی کۆمەڵایەتی کوردستان بەهیچ شێوازێک پاوانخوازی ئایدیۆلۆژیک لە هیچ کەس و لایەنێک قەبووڵ ناکات و حکوومەتی چەندساڵەی ئەنسارولئیسلام و جوندوڵڵا لە هەورامانی باشوور ئەو ڕاستییەی سەلماند کە ڕەنگە خەڵک لەبەر ترسی گیان ماوەیەک لەبەرانبەر پاوانخوازی و دەسەڵاتی سەرەڕۆ و هەڕەشە و گوڕەشە دان بەخۆدا بگرێ بەڵام بە هیچ شێوازێک ئەندێشە و باوەڕی لەو چەشنە قەبووڵ ناکات و بە دارمانی دەسەڵاتی کارتۆنی ئەو بیرۆکەیە، هزر و باوەڕەکانیشیان لە نێو خەڵکدا جێی نابێتەوە.

کوردستان مەڵبەندی برایەتی و پێکەوەژیانە و تێکڵاوییەکی ئایینی، فەرهەنگی، زمانی و زاراوەییە و هەزاران ساڵە ئەم گەلە لە پێناو پاراستنی فەرهەنگ و کەلەپووری دەوڵەمەندی کوردی گیانفیدایان کردووە و سەرەڕای جیاوازییەکان، هەموویان خۆیان لە چوارچێوەی سازەی کوردستانی پێناسە کردووە و ئاشتی و پێکەوەژیان وەک نەریتێکی نەگۆڕ، هەمیشە دانی پێدانراوە و بەزاندنی ئەم خاڵە هاوبەشانە وەک هێڵی سووری خەڵکی کوردستان پێناسە کراون و هەرجۆرە کردەوەیەک کە ئاسایشی نیشتمانی خەڵکی کوردستان تووشی مەترسی بکات بە دڵنیاییەوە بەرپەلاماری ئیرادەی کوردانەی گەلی کوردستان دەکەوێت.

لە دوارستەی ئەم کورتە نووسینەدا وێڕای مەحکوومکردنی هەرچەشنە توندئاژۆییەکی ئایینی لە کوردستان و بەتایبەت لە شاری مەریوانی خۆشەویست، وەبیر دێنینەوە کە توندئاژۆیی ئایینی ئاکامێکی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە و هەر کۆمەڵگایەک لەسەر ڕق وقین و پاوانخوازی مەزهەبی و ئایینی بێتە دامەزراندن داهاتوویەکی لێڵ و نادیار چاوەڕێی دەکات. کوردستان مەڵبەندی ئاشتی و برایەتی و پێکەوەژیانە و هەرچەشنە کردەوەیێک کە ئاشتی و ئاسایشی نەتەوەیی و فەرهەنگی کوردستان تێکبدات دەچێتە خانەی خیانەتی نیشتمانی.

ئێمە چاک ئاگادارین کە چۆن کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ مەبەستە گڵاوەکانی خۆیان لە هەر دەرفەتێک کەڵک وەردەگرن و بە هەموو شێوازێک خەریکی دووبەرەکی خستنەوەی ئایینی، زمانی و زاراوەیی و ناوچەگەریی لە نێو گەلی کوردستاندان؛ بەڵام هەموو پیلانگێڕان و بکەرانی ئەم جۆرە کردەوانە و پاڵپشتەکانیان لە دامودەزگا سەرکوتکەرەکان دڵنیا دەکەینەوە کە کوردستان بە هیچ جۆر نابێتە مەیدانی ڕمبازێنی ئەو جۆرە بیرۆکە توندئاژۆیی و داعشیانە.




**ئیسلامی کوردستانی کە لە باب و باپیرانمانەوە وەک میراتێک بۆ ئێمە ماوەتەوە ئەو بیرۆکەیەی لە کوردستاندا بڵاو کردووەتەوە کە کوردستان شوێنی موسوڵمان،مەسیحی،یەهوودی،ئێزەدی و یارسانەکانە و هەموو ئایین و ئایینزایێک لە کوردستان جێگای دەبێتەوە و شوێنە پیرۆزەکانی ئایینەکانی تر لە پاڵ مزگەوتەکانی موسوڵمانان پارێزراو دەبن و موسوڵمانی کوردستانی بە هیچ شێوازێک بیر لە قەڵاچۆ و بێڕێزی بە دانیشتووانی غەیرە موسوڵمان ناکاتەوە و مێژووی کوردستان ئەو ڕاستییەی سەلماندووە کە ئەم وڵاتە مەڵبەندی تۆلێرانس و مۆدارا بووە و کەس نەبینراوە لەسەر باوەڕ و عەقیدەی خۆی ئازار و بێ حورمەتی چێشتبێ**

**کوردستان مەڵبەندی برایەتی و پێکەوەژیانە و تێکڵاوییەکی ئایینی، فەرهەنگی، زمانی و زاراوەییە و هەزاران ساڵە ئەم گەلە لە پێناو پاراستنی فەرهەنگ و کەلەپووری دەوڵەمەندی کوردی گیانفیدایان کردووە و سەرەڕای جیاوازییەکان، هەموویان خۆیان لە چوارچێوەی سازەی کوردستانی پێناسە کردووە و ئاشتی و پێکەوەژیان وەک نەریتێکی نەگۆڕ، هەمیشە دانی پێدانراوە و بەزاندنی ئەم خاڵە هاوبەشانە وەک هێڵی سووری خەڵکی کوردستان پێناسە کراون و هەرجۆرە کردەوەیەک کە ئاسایشی نیشتمانی خەڵکی کوردستان تووشی مەترسی بکات بە دڵنیاییەوە بەرپەلاماری ئیرادەی کوردانەی گەلی کوردستان دەکەوێت**

# هەڵدان و دروستبوون و پێگەیشتن لە ڕەوتی چوونەپێش لەگەڵ کاروانی خەباتدا!

## لە پێوەندی لەگەڵ ژیان و خەباتی هاوڕێ کاک لوقمان مێهفەر، ئەندامی ڕێبەرایەتیی حیزبەکەماندا



**ئیبراهیم لاجانی**

**بەشی سێهەم و کۆتایی**

پۆلێک لە کادر و پێشمەرگەکان لە گوندی زێوەی قەراخ پیرانشار دەکەونە شەڕێکی دەستەویەخە لەگەڵ دوژمن. کاک موراد بریندار دەبێ و دواتر شەهید دەبێ. پێشمەرگەکان تەرمی کاک موراد لەو وەزعە سەختەدا ڕادەگوێزن بۆ نەمنجێ و لە جێگایەک دەیشارنەوە. کاک محەممەدە ڕەشە کە فەرماندەی پێشمەرگەکان دەبێ لەگەڵ کاک لوقمان وەڵام دەنێرن بۆ شار کە خەبەر بدەنە داک مەلاژن و لەو ڕووداوە ئاگاداری بکەن. زۆر ناکێشێ هەر ئەو شەوە دوژمن بە شوێنی شاردنەوەی تەرمی کاک موڕادی شەهید دەزانێ و دێن لەگەڵ خۆیان دەیبەن بۆ نێو شار و بنکەکانی سوپا. ئێمە ئەو کادرانەی حیزب کە بەرپرسایەتی سیاسی و تەشکیلاتی حیزبیمان لەسەر شان بوو، ڕاپۆرتەکانی پێوەندیدار بەو کارەساتەمان لە دەیان کاناڵەوە پێ گەیشتن، دایە گەورە بە ڕێنوێنی تەشکیلاتی حیزب لەگەڵ چەند کەس لە خێرۆمەندانی شار دەچێ تەرمی کاک موراد، کوڕە تاقانەکەی وەردەگرێتەوە. لەژێر فشاری خەڵکدا ڕێژیم ناچار دەبێ کە تەرمی کاک مورادی شەهید بدەنەوە دەست خەڵک و بنەماڵەکەی. کاتێک ماموستا ژن دەگاتە سەری وەک کێوی قەندیل بە هەیبەتەوە لەسەری ڕادەوەستێ و بێ ئەوەی خۆی تێک بدات و بێ ئەوەی فرمێسکی لە چاو بێ، بەدەستی خۆی تەرمی کاک موراد دەپێچێتەوە. هێندە بەسام دەبێ کە بەرپرسانی دەزگا ئەمنیەتی و نیزامییەکانی ڕێژیم لە هەیبەت و گەورەیی و سامی ئەو ژنە کوردە دەترسن و سەریان سووڕ دەمێنێ. ئیدی تەرمی کاک موراد وەردەگرێتەوە و دەیباتەوە ماڵێ و دەیشوات. جا لە چوار دیواری ماڵی خۆیدا، دوور لە چاوی دوژمنان ئەوجار بۆی دەگریا. خەڵکی پیرانشار ئەو هەڵوێستە ئازایانەی داک مەلاژن قەت لە بیر ناکەن و ڕۆژێک دێ میللەتی ئێمە لە ڕۆمان و فیلمە سینەماییەکانیدا ئەو سەحنە مێژووییانە، بەرجەستە بکاتەوە.

ئێمە ساڵانێکی زۆر هەم لە شاخ وهەم دواتریش لە ئاوارەیی دەشتی کۆیەدا لەگەڵ خوشکە خەدیجە جیرانی ماڵ بە ماڵێوە بووین. دایکی زانای دەگێڕێتەوە کە هەر کات وڵات بێدەنگ دەبوو، براژنە خەدیجە بە تەنیا دەچۆوە ژووری و بۆ کاک مورادی شەهید، بۆ تاقە براکەی شینی دەگێڕا و دەگریا و بە دەنگە خۆشەکەی کاک مورادی دەلاواندەوە. نەیدەهێشت کەسیش پێی بزانێ بەڵام ئەمن کە جیرانی دیوار بە دیوارەوە بووم گوێم لەو گریان و شینگێڕییە دەبوو، گوێم لە خوشکە خەدیجە دەبوو کە برا شەهیدەکەی دەلاواندەوە و پێی هەڵدەگوت و داستانی قارەمانەتییەکانی براکەی لە شەڕەکاندا بە لاواندنەوە دەگێڕایەوە.

ئاخر کاک موراد لە دەیان شەڕی قارەمانانەدا لە شەڕەکانی جادەی سەردەشت پیرانشار و شەڕەکانی دیکەی ناوچەدا شان بەشانی باقی پێشمەرگەکانی دەستەی شەهید ساڵح لاجانی و لکی سێی هێزی ئاوارە و دواتر هێزی قەندیل ئازایەتی و قارەمانەتی لەخۆی نیشان دابوو. چەند جار لەو شەڕانەدا بریندار بوو.

دوێنێ و پێرێ کە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی کاک لوقمان بوو سەفیە پێی گوتم وەرە تەماشاکە براژنە خەدیجە دەسماڵی سپی هەر لەسەرە و دەسماڵی ڕەشی لەسەر نەناوە و لە جیاتی ئەوە ئاڵای کوردستانیشی هاویشتۆتە سەر دەسماڵە سپییەکەی. دایکی زانا گوتی لەگەڵ باجە پەروانە قسەم کردووە گوتوومە وەزعی براژنە خەدیجە چۆنە، لە وەڵامدا دەڵێ گوتی ئەو هەر دەڵێ سەری ڕێبەریی حیزب و سەری کاک مستەفا هیجری خۆش بێت. ئێمەش لەکاتی قسەکردن لەگەڵ خوشکە خەدیجەدا بەڕاستی هەر ئەو هەڵوێستەمان دیتووە. بەڕاستی ئەو دڵی ئێمەی دەدایەوە.

بەڵێ دەبێ هەموومان فێربین سوژدە بۆ ئەو ئازایەتی و فیداکاری و بڕوا و ئیمانە بەرین. بەوجۆرە خوشکە خەدیجە جارێکی دیکەش هەر ئەو پەیامەی ناردەوە کە کاتی خۆی داک مەلاژن لە کاتی وەرگرتنەوەی تەرمی کوڕە تاقانەکەیدا ناردبووی. ئەو هەڵوێستانە دەبێ بکەینە سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهام و هەوێنی فێربوون و پوختەبوون و گەشەکردنی حیزبییانە و تەشکیلاتی و خەباتگێڕانە.

میللەتێکی ژێرچەپۆکە پێویستی بەو سەرمەشقانە هەیە. دەبێ ئەو هەڵوێستانە بە خەتی زێڕین لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەمان و بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی کوردستاندا تۆمار بکرێن.

گەشەوهەڵدانی کاک لوقمان لە تەشکیلاتدا ئەوەشمان نیشان دەدات، ئەوەشمان بۆ دەردەخات کە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات، ژینگە و ئەتمۆسفێری حیزبی دێموکرات، زانکۆیەکی گەورەیە و قوتابخانەی پێگەیاندنی ڕێبەرانی لێوەشاوەی میللەتەکەمانە.

ئەو جاریش دەیڵێمەوە لە حیزبی ئێمەدا کەس جێگای کەس ناگرێتەوە، هەرکەس جێگای خۆی دەکاتەوە، هەرکەس بە مایەلەخۆدانان، بە کار و مەسئولیەت قبوول کردن و هەوڵدان بۆ فێربوون و گەشەکردن و بە بەکارهێنانی تواناکانی بۆ خزمەتی حیزب، ئەگەر لەلایەک یارمەتی بە بردنەپێشی کاروانی خەبات دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە بۆخۆشی لەگەڵ ئەو کاروانە دەچێتە پێش و بە وتەی میشیل ئۆباما، لە دوادێڕەکانی بیۆگرافیاکەی خۆیدا، خۆشی دروست دەکات.

میشێل ئۆباما خانمی یەکەمی پێشووتری ئەمریکا لە دوادێڕەکانی کتێبە پڕ خوێنەرەکەیدا بەوجۆرە لە ڕەوتی گەشەو (Becoming) هەڵدانی ئینسانەکان دەدوێ و دەڵێ:

بۆمن گەیشتن بە جێگایەک، گەیشتن یا نەگەیشتن بە ئاوات و ئامانجێکی تایبەتی نییە.

لە جیاتی ئەوە من ڕۆیشتن بەو ڕێگایەدا بە چوونەپێش و هەڵدان، بە وەسیلەیەک بۆ گەشە و تەکامولی زۆرتر و بە ڕێگایەکی بەردەوام و هەمیشەیی بەرەو خۆپێگەیاندنی زۆرتر و باشتربوون دەزانم. ئەو سەفەرە قەت تەواو نابێ.

ئەگەر ئەو ڕۆژە دێنمەوە بیری خۆم کە بۆ یەکەم جار کاک لوقمانی لاوم دی و بەراوردی دەکەم لەگەڵ نەورۆزی ئەمساڵ کە لەسەر مەسەلە سیاسی و حیزبییەکان پێکەوە دەدواین و ئەو لە مەوقعیەتی ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی حیزبەوە مەسەلەکانی باس دەکردن، زۆر بەباشی ئەو مەودا گەورەیە دەبینم و ئەو گەشەو هەڵدانە گەورەیە دەخوێنمەوە کە کاک لوقمانی نەمر پێی گەیشتبوو.

لەو چەند ڕۆژەدا زۆر لەسەر کەسایەتی خەباتگێڕانەی کاک لوقمان قسە کراوە و لە پەیامی ناوەندی سیاسیشدا، کارنامەی تەشکیلاتی کاک لوقمان باسکراوە بۆیە من لێرەدا ناچمەوە سەر ئەو مەسەلانە.

لە کولتووری حیزبی ئێمەدا سیفات و تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی تێکۆشەرانی حیزبی لە سیمای دێموکراتدا دەسنیشان کراون.

لە جێگایەکی دیکەش ئەوەم گوتووە، سەرەڕای لێوەشاوەییە سیاسی و تەخەسوسییەکانی، ئەوەی کاک لوقمانی پێ دەناسرایەوە، ئەو پێوەندییە بەرین و بەربڵاوە سیاسی و تەشکیلاتی و کۆمەڵایەتی و ئەکادیمی و ئینسانی و خزمایەتی و پڕ لە سەمیمیەتە بوو کە ناوبراو لەگەڵ خەڵک، لەگەڵ جەماوەری حیزب، لەگەڵ بنەماڵەی شەهیدان و تەشکیلاتی حیزب، لەگەڵ مامۆستایان و خوێندکاران و ژینگەی خۆی هەیبوو. کاک دوکتور سەعید دەیگوت نابێ پێمان وابێ لەو شوێنەی کادرمان هەیە ئیدی پێویستیمان بە تەشکیلات نییە و لەو شوێنەش کە تەشکیلاتمان هەیە ئیدی پێویستیمان بە خەڵک نییە.

ئێمە کادرمان بۆ ئیدارە و هەڵسوڕاندنی تەشکیلات دەوێ و تەشکیلاتیشمان بۆ چوونە نێو خەڵک و ڕێبەری کردنی خەباتی خەڵک دەوێ. کاک لوقمان ڕاست ئەو جۆرە مۆدێلە بوو لە کادری حیزبی. لەو جنسە لە کادرەکانی حیزب بوو کە کاک دوکتور سەعیدی نەمر، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری حیزبی وەک ئۆکسیژێن بۆ تەشکیلات و بۆ خەبات بە پێویستیی دەزانین و تەکیەی لەسەر دەکردن و لە کار و تێکۆشاندا حیسابی لەسەر دەکردن.

لەوەش زیاتر، ئەو هەر ئەوە نەبوو کە پێوەندییەکی بەرینی لەگەڵ خەڵک هەبێ، بە زمانێکی زۆر سادە و ڕەوانیش مەسەلە سیاسی و حیزبییەکانی دەبردنە نێو خەڵک و کۆمیونیکاسیۆنێکی زیندووی لەگەڵ خەڵک هەبوو.

ئەلحەق وەکیل یا موحامی و زمانحاڵ و نوێنەرێکی زیندووی خەڵک و بەدەنە و بنەماڵەی شەهیدانیش بوو لەلای ڕێبەریی حیزب. ماڵەکەی هەمیشە پڕ بوو لە میوان و ئەوکەسانەی کە بەهەرهۆیەکەوە بوو ڕێگایان دەکەوتە لای حیزب. ئەمن پێم وایە ئەگەر تێبینییە ئەمنییەتەکان نەبن، دەبێ ماڵی هەموو کادرەکانی حیزبی ئێمە ئاوا ماڵی خەڵک و جەماوەری حیزب بێ.

لە حیزبی ئێمەدا کە حیزبێکی میللی و توودەییە، بۆرۆکراسی وشک وڕەق و مردوو دەبێ جێی نەبێتەوە. مێژوو دەگێڕێتەوە کە ماڵ و دەفتەری کاری پێشەوای نەمر هەمیشە بەڕووی خەڵکدا ئاواڵا بووە. با ئەو سوننەتە ڕابگرین و دەوڵەمەندی بکەین و بەرەوپێشی بەرین. ئەوەیکە حیزبی ئێمەی هەروا ئەکتیڤ و زیندوو هێشتۆتەوە، ئەوەیە کە خەڵکی کوردستان حیزبی ئێمە بە حیزبی خۆیان دەزانن . هەربۆیەشە هەمیشە پشتیوانی لێ دەکەن.

بنکەی مەڵبەندی سپی سەنگ لە بناری قەندیل لە جێگایەک بوو کە هەموو ڕێگاکان ئەو جێگایەیان دەگرتەوە. ئێمەش بۆ پاراستنی بنکەی مەڵبەند تێلدڕوومان لە دەوران دەوری ئەو شوێنە دابوو. لەسەردانێکدا کە کاک دوکتور قاسملوو میوانمان بوو، لەهەوەڵین دانیشتندا گوتی ئەوە بەپێچەوانەی سوننەتی حیزبی دێموکراتە، بنکەو بارەگای حیزبی دێموکرات نابێ تێلدرووی بەدەورەوە بێ.

بنکەی حیزبی دێموکرات دەبێ دەرگای ئاواڵا بێ بۆ هەموو کەس. ئەگەر قەرارە مەسەلە ئەمنییەتییەکان لەبەرچاو بگرن کە دەبێ وەبەرچاویان بگرن، بە شێوەی دیکە دەبێ ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ و بیری لێ بکرێتەوە.

بەڵێ ئەو تێکەڵاوییە بەرینەی کە کاک لوقمان لەگەڵ خەڵک هەیبوو، بە وتەی کاک دوکتور، هەڵقوڵاوی سوننەت و کولتووری حیزبی دێموکرات بوو.

هەر ئەوەش بوو کە کاک لوقمانیان کردبووە ڕێبەرێکی جەماوەری. سەرەڕای ئەوانەش کانییەک بوو لە ڕۆحیەی پێشمەرگانە و سەفای دەروون و سەمیمییەت بۆیە بەخۆت نەبوو زوو دەبوویە دۆستی. کاک لوقمان بەڕاستی باوکێکی باشیش بوو بۆ کچ و کوڕ و نەوەکانی و دۆستێکی بەوەفاش بوو بۆ هاوڕێکانی. لەماڵی خۆشی و لە نێو بنەماڵەکەشیدا بەڕاستی ڕەفتارەکانی دێموکڕاتیک بوون.

لەباری تەشکیلاتیشەوە تەنانەت ئەگەر جیاوازی سیاسی و نەزەریشت لەگەڵ هەبوایە، قەت ئەوەی لەگەڵ برایەتی و دۆستایەتی و هاوخەباتی تێکەڵ نەدەکرد.

ئەو شتانە ڕەنگە وەک شتی سەرەتایی بێنە بەرچاو، بەڵام لە خەباتێکی درێژخایەن و جیددی و لە بنەماڵەیەکی گەورەی وەک حیزبی دێموکراتدا کە جیاوازی نەزەر و بۆچوون شتێکی سروشتییە، ئەو مەسەلە بەڕواڵەت بچوکانە، مەسەلەی بنەڕەتین و کاریگەری خۆیان هەیە. دەکرێ لەوبارەشەوە لە کاک لوقمانی نەمر فێربین.

کاک لوقمان لەگەڵ کاروانی خەباتدا چووەپێش و گەشەی کرد و مایەی بۆ خەبات دانا و هەربۆیەش لەو کاروانە پڕ لە شانازییەدا جێگای خۆی کردەوە. ئەو شەپۆلی خەموپەژارەیەی کە بە بڵاوبوونەوەی خەبەری مەرگی کاک لوقمان، کەوتە سەر دونیای مەجازی و نێو ژینگەی حیزب و بزووتنەوە، نیشانی دا کە تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە موڵکی گەل و سەرمایەی میللەت و کۆمەڵگای کوردستانن بۆیە با هەمووومان شانازی بکەین کە ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانین؛ با بە غروورو شانازییەوە بەو ڕێگایەدا تا سەرکەوتن بڕۆینە پێش. لەو ڕێگایەدا یا سەردەکەوین و جەژنی ئازادی میللەتەکەمان دەگرین، یان بەسەربەرزییەوە سەردەنێینەوە و دەچینە ڕیزی کاروانی شەهیدان و گیان بەختکردووانی ڕێگای ئازادی کوردستان.

شانازی بۆ ئەوانەی لەگەڵ کاروانی خەباتی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی حەقخوازانەی کوردستاندا دەڕۆنە پێش و لەو ڕێگایەدا مایە لەخۆیان و تەمەن و سەروماڵیان دادەنێن و یارمەتی بە چوونە پێشی جوڵانەوەی میللی و دێموکراتی خەڵکی کوردستان دەکەن.

هەمووومان جێگای کاک لوقمان نەک هەر لە کۆڕی خەباتدا، بەڵکوو لە نێو کۆڕی گەرمی دۆست و بنەماڵەکانیشماندا، بە خاڵی دەبینین و هەستی پێدەکەین. بەو هیوایەی بە سووربوون لەسەر ڕێباز و بردنەپێشی ئامانجەکانی، بتوانین ڕۆحی کاک لوقمان و هەموو شەهیدانی حیزب و گەلەکەمان شاد بکەین و ئاڵای تێکۆشانی حیزبەکەمان هەروا بەرز و شەکاوە ڕابگرین.

# دەنگ بە هەر پاڵێوراوێک دەنگدانە بە نیزام!



**شەماڵ تەرغیبی**

لە شانۆیەکی دیکەی هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران نزیك دەبینەوە و دیسانیش بازاڕگەرمی و شانتاژ گەیشتووەتە لووتکە و چڵەپۆپەی خۆی. ئەگەر سەردێڕی هەواڵە پێوەندیدارەکان بەم خولەی بەناو هەڵبژاردن لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکانی لایەنە ڕکەبەرەکان سەیر بکەین، بۆ ساتێك لەبیرمان دەچێ کە ئەم هەڵبژاردنانە لە نێو ئێراندا و لە چوارچێوەی سیستمی کۆماری ئیسلامیدا بەڕێوە دەچێ، چوونکە لە ڕواڵەتدا وێدەچێ کە هەڵبژاردنێکی ڕاستەقینە و لە چوارچێوەی سیستمێکی دێموکراتیکدا لە گۆڕێدایە.

چەند نموونەیەك لە سەردێڕی ئەو هەواڵانەی کە لە دوو ماڵپەڕی ناسراوی ڕێژیمدا بڵاو بوونەتەوە ئەمانەن:

- ئیسنا؛ ئیبراهیم ڕەئیسی، سەرۆکی هێزی بەناو دادوەری: پێکهێنەرانی دۆخی هەنووکەیی ناتوانن ئەو دۆخە بگۆڕن!
- ئیسنا؛ ئیسحاق جەهانگیری، جێگری یەکەمی دەوڵەتی ١١ و ١٢: هیوادار بووم کە پێویست بە بەشداری من نەکات!
- ئیسنا؛ عەباس نەبەوی، سەرۆکی دامەزراوەی شارستانیەتی و گەشەی ئیسلامی: من لەلایەن دادپەروەریخوازانی کۆمەڵگاوە هاتووم!
- تەسنیم؛ عیزەتوڵا زەرغامی، سەرۆکی پێشووی دەنگوڕەنگی ڕێژیم: هاتووم تا هەڵاواردن و گەندەڵی لەنێو ببەم!
- تەسنیم؛ عەباس ئاخوندی، وەزیری پێشووی ڕێگەوبان: دادپەروەری وا دەخوازێ کە نایەکسانییەکان لەنێو ببردرێت!
- تەسنیم؛ عەلی لاریجانی، سەرۆکی پێشووی مەجلیسی ڕێژیم: هەندیک کەس ئیدارەی وڵاتیان لە ڕێڕەوی ئاوەز و هزر بردووەتە دەرێ!

چەمکگەلێك وەك «سڵامەتی هەڵبژاردن»، «دادپەروەری و نەهێشتنی نایەکسانی»، «ڕاپرسی لە خەڵك»، «دەنگی خەڵك»، «نەمانی گەندەڵی و هەڵاواردن» و هتد ئەوەندە لە سەروبەندی ئەم جۆرە شانۆگەلەدا دووپات کراونەتەوە و دووپات و چەندپات دەکرێنەوە و هێندە ئەکتەرەکان بە شێوەیەکی ئاسایی تێیاندا ڕۆڵ دەگێڕن، کە بەڕاستی زۆر جێی سەرسووڕمان نییە خەڵکێك ئەم درۆیان لێ ببێ بە ڕاستی.

ئەگەر یەکێك لە سەرەکیترین ماکە پێکهێنەرەکانی پێچەوانە نیشاندانی ڕاستی لەم شانۆگەلەدا، ڕاگەیەنە دەوڵەتییەکان و ڕۆڵیان لە «هەمدیس نواندنی ڕاستی» و «ئاراستەبەخشین بە زەینی گشتی»یە، یەکێکی دیکە لە سەرەکیترین و لەوانەیە بکرێ بگوترێ گرینگترین ماکەکانی ئەم شانۆگەلە، «پێکناکۆکبوونی بەرژەوەندییەکان لە نێوان لایەنە جیاجیاکانی نێو ڕێژیم»ە. زۆر لایەن ئەم «پێکدژییە لە بەرژەوەندییەکان» بە هۆکارێك دەزانن بۆ پاساوهێنانەوە بۆ بەشداری لەم جۆرە شانۆیانە، ئەمە لە کاتێکدایە کە بە هیچ شێوەیەك هۆکارێکی پاساودەر بۆ بەشداری نییە، چوونکە سەرەتا دەبێ بزانرێ ناکۆکییەکە لە چ ئاستێکدایە، لەسەر چییە و چ کاریگەرییەکی لەسەر چارەنووسی خەڵك دەبێ؟

فاکت و بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە زۆرن کە ئەم پێکناکۆکییە، نەتەنیا لەسەر مافی خەڵك نییە بەڵکوو کارکردەکەی دواجار بە قازانجی بەرەوپێشچوونی خەباتی مافخوازانەی خەڵك بە دژی کۆماری ئیسلامی نییە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لەسەر چۆنیەتیی پتەوترکردنی کۆڵەکەکانی ئەو ڕێژیمەیە و لە پێناو ڕەواییدان بەو ڕێژیمە سەرەڕۆیە، کەڵکی لێوەردەگیرێ.

لێرەدا مەبەست ئەوە نییە کە بڵێین نەبوونی ناکۆکی لە نێوان لایەنە جیاجیاکانی نێو ڕێژیم بە قازانجی خەڵکە، چوونکە لانیکەم لە قۆناخگەلێکدا ئەکتەرەکان ڕۆڵە خودبەخودییەکانی خۆیان لەبیر دەچێتەوە و دەکەونە لەقاودانی لایەنە بەرامبەرەکانیان.

هەروەها تەنانەت لە یەکدەستترین و سەرەڕۆترین ڕێژیمی سیاسیشدا نەهێشتنی ناکۆکی پرسێکی نەلواوە و کەس چاوەڕوانییەکی وەهای نییە. ئەوەی لێرەدا مەبەستە، کەڵکوەرگرتنی تەواویەتیی کۆماری ئیسلامی لەو پێکدژییە بۆ بازاڕگەرمی بۆ شانۆی هەڵبژاردن و پێچەوانەنیشاندانی ڕاستییە.

بۆ ڕوونبوونەوەی زیاتری ئەم بابەتە هەستیارە لێرەدا چەند پرسیار دەورووژێنین:

سەرکۆمار یان نوێنەرێکی مەجلیسی ڕێژیم چ دەسەڵاتێکیان هەیە؟

کاندیداتۆرەکان خەڵك دیارییان دەکەن یان نیزام؟

پێوەرەکانی تێپەڕینی کاندیداتۆرێك لە فیلتێرەکانی ڕێژیم چین؟

بۆچی بەرژەوەندییەکانی هیچ لایەنێکی نێو ڕێژیم ناخوازێ ڕەخنە لە نەبوونی پێوەندی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل یان ئێران و ئامریکا بگرێ؟

بۆچی هیچ ئەکتەرێکی ئەم شانۆگەلە ڕەخنەی لەوە نەبووە و نییە کە کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێکی تیرۆریستی ناسراوە؟

بۆچی ڕەخنەی جیددی لەوە ناگیرێ کە سیاسەتی ئەتۆمی ڕێژیم هەڵەیە؟ و دەیان پرسیاری دیکە.

ئەگەرچی ئەگەر ڕادەی بەشداریی خەڵك لە بەناو هەڵبژاردنەکان لە ماوەی زیاتر لە چوار دەیەی ڕابردوودا سەیر بکەین، دەبینین کە، جگە لە یەك جار، بەگشتی داکشانی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ژمارەی ئەو خەڵکانەی ناکەونە ژێر کاریگەری فەزای دەستکردی بەناو هەڵبژاردنەوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر دەبێ، بەڵام دیسانیش ناکرێ کاریگەری ئەو فەزا دەستکردە لەسەر ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی ڕەواییدان بە سەرکوت و سەرەڕۆیی لەبەرچاو ون بکەین.

کۆماری ئیسلامی لە هەموو دامودەزگاکانی خۆی هەر لە ڕاگەیەنە گشتییەکانەوە تا ئۆرگانە سەربازییەکان و ناوەندە ئایینییەکان و لە هەموو شوێنەکان هەر لە مینبەری مزگەوت و حوسێنییەکانەوە بگرە تا دەگاتە قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکان بۆ بازاڕگەرمی بۆ ئەم بەناو هەڵبژاردنانە کەڵك وەردەگرێ. لە بەرامبەردا، خەڵکی مافخوازی ئێران لەم پێوەندییەدا پێویستە لە هەموو دەرەتانەکان بۆ نیشاندانی ڕاستییەکان و لەقاودانی چەواشەکارییەکان کەڵك وەربگرن.

لێرەدا هەوڵ دەدەین چەند فێڵی ئاشکرابووی چەندپاتکراوی ڕێژیم بۆ گەرموگوڕنیشاندانی تەنووری هەڵبژاردنەکان بخەینەوە بەرچاو کە هەموویان کاریگەری لەسەر یەکتر دادەنێن:

## یەکەم؛هاوکاتکردنی هەڵبژاردنەکان:

کۆماری ئیسلامی بەمەبەستی زیادترکردنی ڕێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکاندا هەوڵی داوە و هەوڵ دەدات بە هاوکاتکردنی کاتی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی سەرکۆماری، هەڵبژاردنەکانی شۆڕای شارودێ و عەشایر و هەروەها هەڵبژاردنی مەجلیسی خیبرەگان خەڵکێکی زۆرتر هان بدات بچنە نێو پرۆسەکە و دواجاریش بە وێنەگرتن لێیان وەها پیشانی ڕای گشتی بدات کە هەموو ئەم کەسانە خوازیاری مانەوەی کۆماری ئیسلامی لە دەسەڵاتن.

لێرەدا ئەم پرسە وردتر دەکەینەوە: لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجارەی شۆڕای شارودێ بەپێی ئامارە فەرمییەکان ٢٩٨هەزار کەس ناونووسیان کردووە کە زیاتر لە ٩٠٪یان واتە ٢٦٨هەزار کەس تەئیدی سەڵاحیەت کراون؛ ئەگەر هەر کاندیدێک تەنیا ١٠٠ کەس لە خزمانی لەم بەناوهەڵبژاردنەدا بەشدار بن دەگەینە ئەو ڕەقەمەی کە ٢٦ میلیۆن کەس بەشداربووی هەڵبژاردنەکەمان دەبێ.

## دووهەم؛ دانی وامی «بلاعوض»:

یەکێکی تر لە فێڵەکانی ڕێژیم بۆ بەشدارپێکردنی زیاتری خەڵك بریتییە لە دانی وامی «بلاعوض»؛ واتە لەڕێگەی تەماحوەبەرنانەوە هەوڵ دەدرێت خەڵکانێک کە ڕەنگە هەندێکیان بیانهەوێ نیازپاکی بنوێنن و خزمەتێک بە وڵات و نیشتمانەکەیان بکەن هان دەدرێن تاکوو بە ناونووسی کردن وەک بەربژێر، وامێک لە حکومەت وەربگرن کە پێویست ناکات لە ئەگەری سەرکەوتندا ئەم وامە کە لە پارەی گشتی و لەڕاستیدا لە گیرفانی خەڵکەوە دەرهێنراوە بدرێتەوە بە حکومەت. ئەگەریش سەرکەوتوو نەبوون ئەوا لە چەند مانگدا و بەشێوەی قیستی دەدرێتەوە بە بانک. لەم چوارچێوەیەشدا دەبینین کە خەڵکانێک هەر بوونیان دەبێ تاکوو ئەو ڕیسکە بکەن و ئەمەش دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی خەڵکێکی زیاتر ناونووسی بۆ کاندیدبوون بکەن.

## سێهەم؛ کەڵکوەرگرتن لە هەستەکان:

کەڵکاوەژوووەرگرتن لە هەستی خەڵک یەکێک لە سیاسەتە هەمیشەییەکانی ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بووە تا لە کاتی پێویستدا لەڕاستای بەرژەوەندی دەسەڵات خەڵکی پێ دنە بدەن.

لاوان و مێرمندالانی تازەپێگەیشتوو کە کەمترین ئەزموونیان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە لە ئەنجامی پڕوپاگەندای بەردەوامی حکومەت لە نێو دامودەزگا تەبلیغییەکان هان دەدرێن کە لەم شانۆگەرییەدا بەشدار ببن و وەک خۆیان دەڵین گڕوتینی پێ ببەخشن.

## چوارەم؛ خزمخزمێنە و پرسی ئایین و ئایینزا و زمان:

یەکێکی تر لە فرتوفێڵەکان کە لە ساڵانی ڕابردوودا بەردەوام ئەزموون کراوە کەڵکاوەژوووەرگرتن لە هەستی خزمایەتی بەتایبەت لەو ناوچانەیە کە بیر و فکری عەشیرەتی زاڵە و بە تێکبەردانی دوو بەناو کاندید لە دوو عەشیرەتی جیاواز هان و دنەیان دەدەن کە لایەنگری زیاتر و لەکۆتاییشدا بەشداربووی زیاتر ڕاکێشی سەر سندووقەکان بکەن. یان لەو ناوچانەدا کە دوو نەتەوەی جیاواز پێکەوە دەژین یان پێڕەوانی دوو یان چەند ئایینزای جیاواز لە یەک ناوچەی جوغرافیایی پێکەوە دەژین، هان دەدرێن کە لەدژی ئەویترەکان بێنە گۆڕەپانەکە و لە ڕۆژی بەناودەنگدانەکەدا بەشدار ببن؛ بەم شێوەیەش لەلایەکەوە خەڵکێکی زیاتر ڕاکێشی سەر سندووقەکان کراوە و لەلایەکیشەوە تۆوی پێکدژبوون و ناتەبایی دەچێندرێ کە دواجار ئەوە هەر ڕێژیمە کە لەم لێڵاوەدا ماسی دەگرێ.

## پێنجەم؛ دابەشکردنی دەنگدەر و دەنگوەرگر بەسەر دوو بەرەی ڕێفۆرمخواز و بناژۆخواز:

ئەمە یەکێک لە یارییە گڵاوەکانی ڕێژیم بووە کە بەتایبەتی لەدوای هاتنەسەر کاری ڕەفسەنجانی و بەمەبەستی بەتاڵکردنەوەی پۆتانسییەل و تواناییەکان لە هەموو بەناو هەلبژاردنەکان ڕەچاو کراوە.

کۆماری ئیسلامی بەم یارییە لە پێشدا وا دەنوێنێ کە لە ئێراندا جیابیری و جۆرێکی تر بیرکردنەوە بوونی هەیە و دوو جناحییە هەیە کە لە ئەنجامی ئەم دووبەرەییە دێموکراسی سەقام دەگری، ئەویش بەهۆی مشتومڕە ساختەییەکانیان کە هەندێ جار بۆ هەڵخەڵەتاندنی ڕای گشتی بە میدیاییش دەکری لەحاڵێکدا ئەزموونی زیاتر لە بیست ساڵی ڕابردوو ئەو هەقیقەتەی سەلماندووە کە ئەوانە هەموویان سەروبنی کڵاوێکن و ئەوەیکە لە کۆتاییدا بڕیار دەدات خودی وەلی فەقیهە نەک فلانە نوێنەری ئیسلاحخواز یان بناژۆخواز بەڵام لە بەرەبەری شانۆگەرییەکانی وەک هەڵبژاردندا وەها دەنوێنن کە ئیسلاحخوازەکان دەیانهەوی خزمەت بکەن و بناژۆخوازەکان ڕێگری دەکەن؛ بەڵام وەک ئاماژەی بۆ کرا دواجار ئەوە وەلی فەقیهە کە بەشانازییەوە دەبێتە براوەی یارییەکە و دەڵێ: دەنگ بە هەر پاڵێوراوێک دەنگدانە بە نیزام!

**سەرکۆمار یان نوێنەرێکی مەجلیسی ڕێژیم چ دەسەڵاتێکیان هەیە؟**
**کاندیداتۆرەکان خەڵک دیارییان دەکەن یان نیزام؟**
**پێوەرەکانی تێپەڕینی کاندیداتۆرێک لە فیلتێرەکانی ڕێژیم چین؟**
**بۆچی بەرژەوەندییەکانی هیچ لایەنێکی نێو ڕێژیم ناخوازێ ڕەخنە لە نەبوونی پێوەندی لە نێوان ئێران و ئیسرائیل یان ئێران و ئامریکا بگرێ؟**
**بۆچی هیچ ئەکتەرێکی ئەم شانۆگەلە ڕەخنەی لەوە نەبووە و نییە کە کۆماری ئیسلامی بە ڕێژیمێکی تیرۆریستی ناسراوە؟**
**بۆچی ڕەخنەی جیددی لەوە ناگیرێ کە سیاسەتی ئەتۆمی ڕێژیم هەڵەیە؟**

# ڕێژیم لە کوردستاندا تەبایی و تەناهی کۆمەڵایەتی کردووەتە ئامانج



**یاسا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە ڕەوایی بە زۆر کار و کردەوەی دیکتاتۆر نادات بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ئەوەی بەڕێوە دەچێ ویستی دەسەڵاتداری دیکتاتۆرە نەک وردەکارییە یاساییەکان**

**جاقل**

حکومەتە توتالیتێر و دیکتاتۆرەکان بە کەڵک وەرگرتن لە هەستی کاتی کۆمەڵگا و کەڵکاوەژوو وەرگرتنی نارەوا لە یاسا، خۆیان بە سەر وڵاتدا زاڵ دەکەن .
ئەو کەس یان کەسانە کە لە سەرەوەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدان کەسانێکی ئۆپۆرتۆنیست یان هەلپەرستن کە لە بچوکترین هەلەکان بە قازانجی خۆیان کەڵک وەردەگرن .
دەسەڵاتی دیکتاتۆر لەو ڕووەوە دیکتاتۆرە کە هیچ بایەخێک بە بەرانبەرەکەی یان کۆمەڵگا نادات و بە شێوەی تاکلایەنانە خواست و ویستەکانی خۆی بە شێوەگەلی ناگرێ .
ولامدەرنەبوون بە خەڵک یەکێک لە بەرچاوترین فاکتەرەکانی دیکتاتۆربوونە .
لە درێژماوەدا دیکتاتۆر ناچارە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی نارەوای خۆی پێوەرەکانی تەبایی و ئاشتی کۆمەڵگا لە نێو ببات واتە جمگەکانی کۆمەڵگا بکاتە دژبەری یەکتری .
ئەمەش بە کاری مەیدانی و خوێندنەوەی وردی کەسانێک دەکرێ کە ڕۆژانە خەیانەت بە نیشتمانەکەی خۆیان دەکەن و لە بەرانبەر بەرژەوەندی تاکەکەسی خۆیاندا ڕاوێژی کۆمەڵناسانە و دەروونناسانە بە دەسەڵاتی نارەوا دەدەن .
لەم ڕووەوە دەسەڵات زۆر بە وردی دەچێتە ناخی کۆمەڵگاوە و هەر نوێ چیدی نەیدەتوانی داوا و خواستە سەردەمییانەکانی خۆی لە وەها حکومەتێکدا ببینێتەوە، ئاستی دژایەتی و «نا»وتن بە ڕێژیم بە ڕێژەییێکی بەرچاو زیادی کردەوە کە تەنانەت مەشروعییەتی ڕێژیمی لە ناو کۆمەڵگای تەشەییوع مەزهەبیشدا لە نێو بردووە .
کوردستان بە هۆی ئەوە کە لە یەکەم ڕۆژەوە ملکەچی دەسەڵاتی نارەوای تاران نەبوو هەمیشە لەگەڵ زۆربەی ئێران جیاوازە .
کوردستان خاکێکە تایبەت بە نەتەوەی کورد، نەتەوەیەکی زیندوو کە کەلتوور و زمانی جیاوازی هەیە . لە کوردستاندا زاراوەگەلی جیاواز و ئایین و ڕوانینی جیاوازی سیاسی بونی هەیە و بە درێژایی مێژوو داگیرکەرانی کوردستان نەیانتوانیوە ئەم نەتەوە بتوێننەوە .
ڕێژیمەوە بۆ فرۆشتنی مادده سڕکەرەکان، چەقۆکێشی، پشتگیری لە هەندێ باوەڕی نامۆ کە هیچ جێگایەکیان لە کوردستاندا نییە کەڵکاژۆیان لێوەردەگیرێ .
مەئموریەتی سەرەکی ئەم جۆرە کەسانە دابەشکردنی کۆمەڵگایە بە سەر فکر و عەقڵییەتە بچوک و نامۆکاندا .
ئەوان دەیانهەوێ بە پەرەدان بە توندوتیژی، تەبایی و تەناهی کۆمەڵایەتی لە نێو ببەن .
لە کاتێکدا ڕێژیم لە کوللیەتی خۆیدا لە قۆناغی دارماندایە وەک دواهەمین فورسەت هەلەکان دەقۆزێتەوە هەتا کۆمەڵگا بە شتی لاوەکیەوە سەرقاڵ بکات .
ئەمە کەتوارێکە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە لایەن کەسانێکەوە و بە جۆراوجۆر دەسەپێنێ .

**کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی باوەڕمەندە و هەر چەشنە بێڕێزییەک**
**بە ئایین و باوەڕی کۆمەڵانی خەڵک لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە**
**ڕەد دەکرێتەوە و ڕێگاپێدراو نییە .**
**ئەو کەسانەش کە بەم جۆرە بیانوانەوە بونەتە داردەستی پیلانە دیار و نادیارەکانی ڕێژیمی ئاخوندی**
**کەسانێکی هەڵخەڵەتێندراو یان بێ شوناسن**
**کە جگە لە خۆناشیرینکردن و دۆڕان هیچ دەسکەوتێکیان نابێ**

نووسین یان نووسینەوەی یاسا لە ژێر سێبەری دیکتاتۆریدا وەک کەرەستەیەک بۆ پارێزگاری لە دەسەڵاتی نارەوای حکومەت کەڵکی لێوەردەگیرێ .
یاسا بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە ڕەوایی بە زۆر کار و کردەوەی دیکتاتۆر نادات بەڵام لە مەیدانی کردەوەدا ئەوەی بەڕێوە دەچێ ویستی دەسەڵاتداری دیکتاتۆرە نەک وردەکارییە یاساییەکان .
دیکتاتۆر هەتا ئەو شوێنە ڕێز بۆ یاسا دادەنێ کە قازانج و بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ، لە غەیری وەها حاڵەتێکدا ئەو بە سەر قانوندا باز دەدات یان یاساکە دەگۆڕێ و یان هەر لە پێش چاوی کات پێویستی بێت ئاگری ئەو چەندبەرەکی و شەڕە خۆش دەکات .
مرۆڤی شارۆمەند سەرقاڵی گیر و گرفتەکانی ژیانی ڕۆژانەیەتی و هەتا ئەو شوێنەی بۆی بکرێ خۆی لەم شەڕ و ناهەنجاریانە بە شێوەی ئاشکرا دەپارێزێ .
لە ئێرانی فرەنەتەوە و فرەئاییندا دەسەڵاتی ئاخوندی هەر لە یەکەم ڕۆژەوە وەک ئۆپۆرتۆنیستێکی نەخۆش کەڵکاوەژووی لە هەستی مەزهەبی خەڵکانێک وەرگرت و دەسەڵاتی نارەوای خۆی بە سەر وڵاتدا زاڵ کرد .
لە ساڵانی ڕابردوودا کە بەشێکی بەرچاوی ئێرانییەکان ناوەرۆکی ئەو ڕێژیمەیان بۆ دەرکەوت و نەسڵی ئەمە بەو مانا نییە کە داگیرکەرانی کوردستان دەستەوەستان بوون و هیچیان نەکردبێ، بە پێچەوانەوە ئەوان بە شەڕی زبر و نەرم ئەوەی بۆ تواندنەوەی نەتەوەی کورد لە دەستیان هاتبێ کردویانە بەڵام سەرکەوتوو نەبوون .
یەکێک لەو دیاردانە کە ڕێژیم لە کوردستاندا ویستویەتی بیکاتە کەرەستەیەک بۆ نانەوەی ناتەبایی و شەڕ و ناکۆکی لە ناخی کۆمەڵگا و بنەماڵەکاندا دیاردەی لاتپەروەری و پشتگیری و داڵدەدانی کەسانی چەقۆکێش و بێ ڕەوشتە لە لایەن دەزگا ئەمنییەتییەکانی خۆیەوە .
ئەم جۆرە کەسانە کە بەرهەمی بێنۆڕمی و ناهەنجارییە کۆمەڵایەتییەکانن لە لایەن ناوی ئایین لە شارەکانی مەریوان و سەقز بە پشتگیری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی ڕێژیم بەڕێوە چوو.
کۆمەڵگای کوردستان کۆمەڵگایەکی باوەڕمەندە و هەر چەشنە بێڕێزییەک بە ئایین و باوەڕی کۆمەڵانی خەڵک لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە ڕەد دەکرێتەوە و ڕێگاپێدراو نییە .
ئەو کەسانەش کە بەم جۆرە بیانوانەوە بونەتە داردەستی پیلانە دیار و نادیارەکانی ڕێژیمی ئاخوندی کەسانێکی هەڵخەڵەتێندراو یان بێ شوناسن کە جگە لە خۆناشیرینکردن و دۆڕان هیچ دەسکەوتێکیان نابێ .

## وێستگە


# ژنان و هەڵبژاردنەکان




**نووسین: هێمۆ**

ماوەیەکە باس و بابەتە پێوەندیدارەکان بە هەڵبژاردنی سەرکۆماری و شۆرای شار و گوندەکان بووەتە باسێکی جیددی، تا ئەو جێگایە کە تەنانەت کەسانێکیش کە هەمیشە خۆیان لە پرس و بابەتی سیاسی لاداوە، ئێستا بە شێوەیەکی تایبەت باس لەم پرسە دەکەن. زۆر کەس دەڵێن دەنگدان و دەنگنەدان هیچ لە بنەڕەتی باسەکە ناگۆڕێ و کۆماری ئیسلامی هەر لە سەر ڕێچکەی خۆی بۆ دانانی مۆرەکانی بەردەوام دەبێ، لە لایەکی تریشەوە زۆر کەس هەن کە بە شێوازگەلی جۆراوجۆر لە هەوڵدان تاکوو بایکۆتێکی کارا بخەنە سەر پرۆسەی بەناو هەڵبژاردنەکان و بە ئاگایی بەخشینی زیاتر بە خەڵک، تێبکۆشن کە خەڵک لە چوونە سەر سندووقەکانی دەنگدان پاشگەز بکەنەوە.
هەرچەند کە نالەباربوونی بارودۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەنانەت تەندرووستیی ئێران لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا خۆی وەکوو هۆکارێکی زۆر دیار بۆ بەشداریی لانیکەمیی خەڵک لە هەڵبژاردنەکاندا دەبینرێت بەڵام سەرەڕای ئەمانەش، دامەزراندنی کەمپەینە جیاوازەکان بۆ بایکۆتی هەڵبژاردنەکان هەر بەردەوامە. لە گەرماوگەرمی ئەم بابەتانەدا، باسێکی زۆر جیددی هاتە ئاراوە، لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا، بڵاوبوونەوەی پۆستێک سەرنجێکی زۆری ڕاکێشا کە بەردەنگە تایبەتەکەی ژنان بوون.
بابەتەکە بەم چەشنە بوو: «هیچکات ژنێک دەرک ناکەم کە دەنگ دەدات، کەسێک کە مافی دووچەرخەسواری نییە، کەسێک کە مافی دیاریکردنی جۆری جلوبەرگی خۆی نییە، کەسێک کە لە ئەگەری جیابوونەوە تەنیا تا تەمەنی ٧ ساڵان مافی پەروەردەی منداڵەکەی هەیە، کەسێک کە ناتوانێ لە ستادیۆم و لە نزیکەوە یارییەکی فووتباڵ ببینێ، ژنێک کە لە لایەن گەشتی ئیرشادەوە دەسبەسەر دەکرێت، ژنێک کە ڕەگەزی دووهەم بانگ دەکرێت و هەموو ڕۆژێک لە شەقامەکاندا دەکەوێتە بەر تەوژمی توندوتیژی، کەسێک کە بە خواستی خۆی ناتوانێت سەفەر بکات و دیەکەی نیوەی دیەی پیاوە، لە ڕاستیدا ئەم کەسە دەنگ دەدات کە چی هەڵبژێرێت و چی بگۆڕدرێت؟»
ڕەنگە زۆر کەس ئەمە تەنیا وەکوو پۆستێکی ئینستاگرامی ببینن بەڵام لەڕاستیدا، ئەمە تەنیا تابلۆیەکی بچووک لە هەموو ئەو ئازارانەیە کە ژنان لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا لەگەڵیان بەرەوڕوون و بەدڵنیاییەوە، هیچ ژنێک نییە کە لەو کۆمەڵگایە ژیابێت و بەرەوڕووی ئەم تراژێدیایە نەبووبێتەوە؛ بەڵام بابەتی گرینگ ئەوەیە کە دەنگدانی ژنان و بەشداری کردنیان لە شانۆی هەڵبژاردنەکانی ڕێژیمی ئیسلامیدا، تەنیا و تەنیا دەنگدان بە بەردەوامیی ئەم ستەمانەیە، دەنگدان بە سەرکوتی زیاتر و دەنگدان بە بەرزبوونەوەی ئاماری خۆکوژی و قەتڵی ناموسییە، چونکە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا، ژن هەمیشە وەکوو کەرەستە و وەکوو کاڵایەک پێناسەی بۆ کراوە کە بە بەردەوامی هەوڵ دراوە کە سەرکوت بکرێ.
زۆرجار بینیومانە کە لە کاتی پڕوپاگەندەکان بۆ هەڵبژاردنەکاندا، کەڵک لە ژنان وەردەگیردرێت، کەڵکوەرگرتنێکی ئامرازی کە تەنیا و تەنیا بۆ غافڵ کردنی لایەنەکانی دیکە و بیروڕای گشتی لە ڕاستییەکانی کۆمەڵگایە.
ئەوەی کە ئەبێ گرینگی پێ بدرێت ئاگاکردنەوە و وشیارکردنەوەی ئەم توێژە لە کۆمەڵگا لە سیاسەت و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامییە، ژنان بەپێی ئەو پەروەردەیە کە لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا لەلایەن دەسەڵاتەوە بۆیان کراوە، هەمیشە پەراوێزخراون، هەمیشە وتراوە کە ژنان ناتوانن لە پرسە گرینگەکان و بەتایبەتیش پرسە سیاسییەکاندا کە پێوەندییان بە چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەوە هەیە بەشدار بن، کە ئەمە بە فەرمی لە یاسای بنەڕەتیشدا وێنا دەکرێت کە ژنان هیچکات ناتوانن پۆستێکی باڵای وەک سەرکۆماری وەرگرن یان ناتوانن وەکوو دادوەر لە کۆمەڵگادا دەور بگێڕن.
پەراوێزخستنی ژنان و دوورخستنەوەیان لە پرس و بابەتە گرینگەکانی کۆمەڵگا، لەڕاستیدا پەراویزخستنی پۆتانسیێلی نیوەی کۆمەڵگاکە لە توانا و لێهاتوویی ژنانە، لێهاتووییەک کە ئەگەر کەڵکی بەجێ و درووستی لێوەرگیرێ بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگا بەرەو بەختەوەری و سەرکەوتنی زیاتر دەبات.
حکووومەتی دژەژنی ئاخوندی، لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا، بە هەموو چەشنێک ژنانی چەوساندووەتەوە، لە لای ئەمەشدا هەوڵی داوە تاکوو لە هەر دەرفەتێکدا، لەڕاستای گەیشتن بە ئامانجە گڵاوەکانی خۆی کەڵکیان لێوەربگرێت، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ژنانی کۆمەڵگای ئێران ساڵانێکە ئیتر ناچنە ژێر ڕکێفی پاوانخوازییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە. ژنان دەبنە پێشەنگی نارەزایەتییەکان، ژنان دەنگ هەڵدەبڕن، بە جەسارەتەوە «نا» بە کۆماری ئیسلامی دەڵێن، ژنان چیدیکە حیجابی زۆرەملێ لە سەر ناکەن، چیدیکە گوێڕایەڵی یاسا پیاوسالارانە و ئایینتەوەرەکانی کۆماری ئیسلامی نابن، ژنان گەیشتوونەتە ئەو ئاستە لە ڕۆشنبیری و تێگەیشتن کە وەکوو ژن، وەکوو مرۆڤ و وەکوو بوونەوەرێکی خاوەن هزر و بیر و ئەندێشە، ژیان وداهاتووی خۆیان بە دەستەوە بگرن، هەر بۆیە لە بەناو هەڵبژاردنە پڕ لە چەواشەکارییەکانی ئەمساڵیشدا، ئەوە ژنانی ئازادیخوازی ئێران و کوردستانن کە بە بەشداری نەکردن و بایکۆتی هەڵبژاردنەکان، «نا»یەکی بەهێز بە کۆماری ئیسلامی و بە هەموو ئەو ستەمانە دەڵێن کە لە ماوەی ٤٢ ساڵی ڕابردوودا بەرانبەر بە ئەوان کردوویەتی، ژنان پێشەنگانە، بایکۆتی هەڵبژاردنەکانی ١٤٠٠ دەکەن بە هەوێنی یەکگرتوویی خۆیان و هەنگاوێکی جیددی بۆ گەیشتن بە مافەکانیان.

# ئایدیۆلۆژی ideology




ناسر فەتحی

ئەگەر بە کورتی بیر لەم دێڕە بکەینەوە کە دەڵێت: «مرۆڤەکان هەر بەو چەشنە کە بیر ئەکەنەوە، عەمەل دەکەن»، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە باس کردن لەسەر ئایدیۆلۆژی بە دوای لێکۆڵینەوەی مێژوویی ئەم مەسەلە گرینگەیە کە فکر، فەلسەفە، نەزەریە و بە گشتی ئایدیۆلۆژییە باوەکان و بانگەشەکان کە دەیاننناسین لە ڕەهەندی گۆڕانکاری و ڕووداوەکانی سیاسەت و کۆمەڵگا چ باندۆڕێکیان هەبووە.

ئەم وتەیە لە ئایزابرلین لە کتێبی هێزی ڕامان کە لە هانریش هاینە دەیگەڕێنێتەوە سەبارەت بە گرینگی فکر و ئەندێشە لە گۆڕەپانی عەمەلی سیاسەتڤانان وتەیەکی سەرنجڕاکێشە؛ کە هێزی ئەندێشە و ئیدەکان، کەم مەگرن، لەبەر ئەوەیکە چەمکە فەلسەفی یان فکرییەکان کە لە هێمنی ژووری کاری فەیلەسووفێک پێدەگات یان دەحەملێت، دەتوانێ ژیارێک لەنێو ببات یان بونیات بنێتەوە.

بە تێپەڕبوونی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لە تەمەنی ئایدیۆلۆژی، یەکێک لە دژوارترین و دێرفامترین وشەکان لە زانستە کۆمەڵایەتییەکانە.

سەبارەت بە گرنگی ئایدیۆلۆژی زۆر بیرمەند نووسیویانە و دواون، وەک هانا ئارێنت لە کتێبی «قەیرانی جمهوورییەت» دەڵێت: سەدەی بیستەم، سەدەی گەردەلوولی ئایدیۆلۆژییەکانە یان لیۆن ترۆتسکی بیرمەندی یەکێتی سۆڤیەت کە دواتر هەر بەدەستی ستالین لە مێکزیک بە قەباحەتترین شێوە کوژرا سەبارەت بە ئایدیۆلۆژی دەڵێت هەرکەس ئاواتی ژیانی ئارامی هەبێت نابێت ئاوات بخوازێ لە سەدەی ٢٠م لە دایک بێت.

## ئاخێوگە و ڕیشەی ئایدیۆلۆژی

ئایدیۆلۆژی وەک دەزگای زانستی باوەڕەکان ئاخێوگە و ڕیشەی وەک زۆرێک لە شتە هەست بزوێنەکانی سەردەمی مۆدێرنیتە و جیهانی سیاسەت، ئاخێوگەی فەڕانسەوی هەیە، کە بە شێوەی تایبەتی لە بزاڤی ڕۆشنگەری فەڕانسە لە سەدەی ١٨ی زایینی کە وەبیرهێنەرەوەی بیرمەندانێک وەک ژان ژاک ڕۆسۆ، دیدرۆ، دالامبر، ڤۆڵتێر، هۆڵباخ و کەسانی ترە دەگەڕێتەوە.

ideology لەڕاستیدا لە بەرانبەر ئەو دۆخەیە کە جیهانبینی سەدەکانی میانە، زاڵیەتی کلیسا، دەربەگایەتی، دەزگای سەرەڕۆی بەتلەمیووسی کۆن پێکیان هێنابوو سەردەردێنێت، کاتێک کە بیرمەندانی سەردەمی ڕۆشنگەری لە هەوڵی تێپەڕبوون لە نەریتە سواوەکان (سنت های دست و پاگیر) بوون تا بتوانن بۆ ئیدەکان بناخەیەک دابڕێژن، بە وتەی «ڤۆڵتێر» با بە نەریتە سواوە خەیاڵاوی و دواکەوتووەکان نەبەسرێینەوە.

ئانتوان کلوود دەستۆت کێنێت تراسی ١٨٣٦-١٧٥٤ ئەو کەسە بوو کە چەمکی ئایدیۆلۆژی هێنایە گۆڕێ. چەمکی ئایدیۆلۆژی لە دوو وشەی: ideo+logy پێکهاتووە کە دەبێتە زانستی ئیدەکان ،زانست یان لۆگۆس بە واتای ئاوەز و ئیدە بە واتای نۆرم،بایەخ و فکرەکان دێت.

تراسی پێوەری درووستی و نادرووستی بیرەکانی بە شیاوی سەلماندن دەزانی و بەکارهێنانیانی بە پرسێکی مسۆگەر لە بیردا بوو و ئەم کارەی بەبایەخەوە وەسف دەکرد. بایەخێک کە بە ڕوونی «تراسی» و هاوکارانی دەیانویست بە بردنەسەرەوەی بڕوای ئەلیت و چینی مامناوند هەموو جمگە عەمەلی و نەزەرییەکانی تێکۆشانی مرۆڤ بەرنە سەرێ و بەم هۆیەوە لە ساڵی ١٧٩٥ئەنیستیتۆی پاریسیان دامەزراند؛ بۆ ئەم مەبەستەش سێ گریمانەیان هەبوو:

١.پێشکەوتن لە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەمرێکی باش و پەسندە.

٢.ئەوەیکە تەنیا بیر و ئەندێشەی دروستە کە سەرچاوەی پێشکەوتنە.

٣.هەروەها دەبێت لە بەرانبەر ئەندێشە هەڵەکان ڕاوەستین، بەتایبەت لە قوتابخانەکان.

ناپلئۆن لە ساڵی ١٨١٢ نێوانی لەگەڵ جەماعەتی ئیدیۆلۆژیست تێکچوو و تۆمەتی تەوەهووم و ناخواباوەڕی پێدان کە هۆکارەکەی دەگەڕایەوە بۆ ئەوەیکە دەیهەویست پێوەندی خۆی لەگەڵ کلیسا پتەو بکات و دەسەڵاتی خۆی زیاتر بەهێز بکات هەر بۆیە یەکەم جار وشەی ئیدۆلۆگی وەک جوێن و قسەیەکی سووک و نەرێنی بەکارهێنا و بە سەرچاوەی شکستەکانی دانا. لەوکاتە بەدواوە ئەم زاراوە لەگەڵ گۆڕانکارییەکان زیاتر ڕوانگەیەکی نەرێنی بەخۆوە گرت. ئایدیۆلۆژی وەکوو «دەزگای زانستی بیری عەقڵانی» ئاخێوگە و ڕیشەی ئەرێنی هەیە بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ و هاتنی سەدی ٢٠ ئەم چەمکە مانا و پێگەی نەرێنی بەخۆ دەگرێت، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی بیروباوەڕی فاشیستی و نازیزم و شەڕە جیهانییەکانی ئەو سەردەمە کە ژینگەی مرۆڤایەتی تا لێواری لەنێوچوون دەبرد.

## کارڵ مارکس

بەتایبەت کاتێک مارکس و هاوڕێیەکەی ئێنگلس لە دەسنووسەکانی ئایدیۆلوژی ئالمانی و بەگشتی ڕەخنەی توندیان لە ئایدیۆلۆژی وەک فکریەتی چینی حاکم و ئاگایی درۆیین پێناسە کرد و دەیگوت هێگل لەسەر دەست سەراوبن ڕێ دەکات و باوەڕیان وایە کە ئەوە دۆخی ژینگەیە ماریفە ساز دەکات نەک زەین و ئیدەکان ماریفەی بەشەر ڕێک دەخەن.

## ڕۆڵەکانی ئایدیۆلۆژی

هەر ئایدیۆلۆژییەکی چەپ یان ئایدیۆلۆژی ڕاست، شۆڕشگێڕانەترین ئایدیۆلۆژی یان کۆنسرڤاتیووترین بۆ هەوادارە و شوێنکەوتوانی چوار ڕۆڵ پێکدێنێت:

١. ڕۆڵی شیکاری یان تەوزیحی Explaining یانی هەر ئایدیۆلۆژییەک شیکردنەوەیک لە هۆکاری دۆخی هەنووکەیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی بە دەستدەخات. بەتایبەت لە کاتی قەیرانەکاندا ئەم دۆخی شیکردنەوە زۆرتر گرینگی دیاری دەکات. بۆ نموونە لە شەڕ، قەیرانی ئابووری و جۆری قەیرانەکان، کە بۆچی شەڕ ساز بووە؟ بۆچی لە کۆمەڵگایەک قەیرانی چینایەتی بوونی هەیە؟ لەڕاستیدا ئایدیۆلۆژی ڕۆڵی شیکردنەوە بەخۆ دەگرێت و هۆکارەکان شی دەکاتەوە.

٢. دووهەمین ڕۆڵ، ڕۆڵی هەڵسەنگاندنە assessment ؛ یانی ئایدیۆلۆژییەکان دەبێ بتوانن پێوەر و نۆرم و هەنجارگەلێک بۆ هەڵسەنگاندنی دۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بدەن بەدەستەوە. بۆ نموونە ئایدیۆلۆژی دەتوانێ پاکانە بۆ شەڕەکان لەسەر بنچینەی دۆخی کۆمەڵایەتی هەم بە باشی و هەمیش خراپ بهێنێتەوە، بڕێک لە ئایدیۆلۆژییەکان بەردەوام حەز دەکەن پاکانە بهێننەوە وەک مارکسیستەکان، خەبات لە ڕێی پرۆلیتاریا کە ئەودەم پاساوی شەڕی ئەخلاقی دەبێت.

٣. ڕوانگەی شووناسدان و جەهەتدان Identify، بەم واتایە کە ئایدیۆلۆژی بە شوێنکەوتووانی خۆی جەهەت و شووناس دەبەخشێت و بەوان دەڵێت ئێوە سەر بە کام گرووپن،یان سەر بە کام نەتەوەن و تەنانەت چ ڕەگەزێکن، چ ئەرک و ڕۆڵێکی مێژووییتان هەیە. بەم واتایە کە ترنس بال شی دەکاتەوە ئایدیۆلۆژی وەک قوتبنەما خەڵک ئاراستە دەکات. بۆ نموونە کەسێکی جیهادی یان فاشیست بەردەوام ئایدیۆلۆژییەکەی پێی دەڵێت ئەتۆ هەمیشە ئایین یان نەتەوەی سەرتری و بەسەر ئەوانیتر فەرز دەکرێت. و بۆی دیاری دەکات کە دەبێت چی بکات و بە شێوازێک هەوڵ دەدات بەو شوێنەی بگەیەنێ کە «ئامانج، پاساو بۆ کەرستەی تۆ دەهێنێ».

٤. ئایدیۆلۆژی بەرنامەیەکی سیاسی Political plan یان ئەجندایەکی سیاسییە. هەر ئایدیۆلۆژییەک لە شۆڕشگێڕترین هەتا کۆنسێرڤاتیزم ئایدیۆلۆژی بە شوێنکەوتووانی دەڵێت چ شتێک، چ ئامانجێک، چۆن بە دەست بێنێت. وەکوو پزیشکێک کە نوسخە بۆ نەخۆشەکەی دەپێچێت.

بۆ نموونە کۆمۆنیزم بۆ ڕووخاندنی سەرمایەداری یەکەم گرینگی بە ئاگایی چینایەتی دەدات تاکوو دوایی زەرووەتی شۆڕش بۆ لەنێوبردنی دۆخی نایەکسانی و ناعەدالەتی بگۆڕێت.

لەڕاستیدا ئاکاری نووسینەوەی سیاسەتی نێوخۆیی و سیاسەتی دەرەوە لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکان لە وڵاتەکاندا بە لەبەرچاوگرتنی شوناس و دڵەڕاوکێ جیهانییەکان و ئاواتگەلێک کە هەیانە بووە. بەم چوار تایبەتمەندییە ئاشکرایە هەر سیاسەتڤان یان وڵات و لایەنێک بیهەوێت پلانێکی سیاسی دابڕێژێت بێئەملاوئەولا دەبێت گرنگی بە بایەخ و بیروڕاکان و ویستەکان بدات و ئەم بابەتە لە سەدەی ١٩ لە گەڵی ڕووبەروو بووین.

## ڕیشەکانی پێش داهێنانی ئایدیۆلۆژی

کۆمەڵێک ڕیشەی پێش سەرهەڵدان و داهێنانی چەمکی ئایدیۆلۆژی هەن کە پێش لە داهێنانەکەی تراسییە، کەسانی وەک فرانسیس بەیکن و تۆماس هابز، جان لاک، لە مێشکی خۆیاندا شتێک وەکوو «زانستی عقاید ئەزموونی» لەبەر زەینیاندا هەبوو کە دەبێت پێش لە تیۆریی ئایدیۆلۆژی شی بکرێتەوە. هەموو ئەمانە دەگەڕانەوە بۆ ڕوانگەی مەکتەبی ئەزموونی ئینگلستان، تیۆری کلاسیکی فرانسیس بەیکن ،تیۆریی مەکتەبی ڕەوشنگەری فەرانسە.

«فرانسیس بەیکن» لە سەردەمی شۆڕشی زانستی، فیزیک، شیمی و گۆڕانکارییەکانی دەسپێکی سەرمایەداری و پیشەسازی و مێرکانتیلیزم ژیاوە، کە بەم هۆیەوە بە شێوازێک تووشی گەشبینی بە داهاتوو بووە، خۆی دەڵێت داهێنانی قوتبنما، باروت، گەشەی پیشەی چاپ بە گشتی ساینس و زانست، باندۆری بەهێزیان لەسەر ڕوانینی هەبووە و ڕوانگەی زێدەبوون بە نیسبەت داهاتووی هەیە. زانست لە دوو بواردا باندۆری هەبووە کە یەکێ تر لەو لایەنانە زانستە کە مرۆڤ بەهێز دەکات.

بەیکن لە بەرانبەر مەعریفەی کۆنی ئەرەستوویی-بەتلەمیووسی لە تیۆری نوێی ئەزموونی کەڵک وەردەگرێت و بە ئاماژەدان بە کارەکانی ماکیاڤلی لە سیاسەت باوەڕی وایە کە دەبێ خووی مرۆڤەکان بەرەو دیتن و ئەزموون کردن بڕوات. تا پێش لە سەردەمی ساینس تێگەیشتن و درکی مرۆڤ لەسەر چوار شت بە ناوی« idols» یان «بۆتەکان» بوون کە دەرنجامی هەڵە و دۆخی ناعقڵانی کۆمەڵانی خەڵکی لە مێژوو بەستێنساز کردبوو.

چەمکی بۆتی قەبیلە(idols of the triba): مەبەست لە بۆتی قەبیلە ویست و هەست بۆ وەرگرتنی شتگەلێکە بەهۆی دووپاتبوونەوەی بەردەوامی نەریت بێ بوونی هۆی ئاوز و پاژ لایەنی پیرۆزییان هەیە.

بۆتی بازار(idols of the market): شتێکە کە لایەنی زمانی هەیە و لە دژایەتی لەگەڵ ئەمری حەقیقەت هەیە.

بۆتی نەمایش(idols of the theater): چەمکگەلێک دواکەوتوو کە لە بناخەدا بە نەبوونی هۆکاری ئەزموونی بوونەتە هۆی سازبوونی چیرۆکی شانۆیی و بەربەستی گرینگ لە بەرانبەر تێگەیشتن و دەرکی ڕاستی شتەکانە.

بۆتی ئەشکەوت(idols of the cave): لە بنەڕەتدا کۆمەڵگایەک و دەورە زەمانییەک ڕای خۆی لە جەهەتی ڕاستی بابەتەکان بە یەک کەس ببەستێتەوە و ببێتە سەرچاوەی حەقیقەت. فرانسیس بەیکن وەک ئیمانۆئێل کانت و بە پێچەوانەی جان لاک مێشکی مروڤ بە بەرگی سپی نەدەزانی. هەروەها دوو شتی تر بەربەستی لە ڕێگای ناسینی مرۆڤەکان دانابوو ئەویش: نەخۆشی لەڕادەبەدەر کەڵکوەرگرتن لە زمانە کۆن و کەونارەکان و کایە لەگەڵ وشەکان؛ ڕەسمێک کە لە سەردەمی ڕێنسانس زۆر باو بوو.

## تۆماس هابز

بە ڕوانینێکی ماتریالیستی ڕیشەی تێگەیشتن بۆ ئاوز پیشان دەدات و هەروەها ساینس بە باشترین چارەسەر بۆ دۆخی دابڕان لە سەردەمی زاڵبوونی کلیسا دەزانی بەڵام لەگەڵ ئەوە هابز «ترس» وەک یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئینسان دەزانێت کە بە بنیاتنانی کۆمەڵگا و حکوومەت و لەسەر بناخەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی بەستێنێک بۆ ڕزگاری لە ترس و تەریککەوتنەوە لە هۆکارەکان و لەمپەرەکانی سەر ڕێی ماریفە دەزانی.

ترنس بال و ریچارد دیگر لە کتێبی «ئارمان و ئایدیۆلۆژییەکان» مێژووی تێفکرین لە ڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەکان شی دەکەنەوە و هەڵیدەسەنگێنن؛ ئەوان هەوڵیان داوە بۆ ئایدیۆلۆژی چەند تایبەتمەندی بهێننە بەرباس کە دەتوانین وەک پێناسەی ئاکادمیک بیانناسین. ئایدیۆلۆژی لە نێوان زاراوە و چەمکی زانستە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان دژوارترین تێگەیشتن و پێناسەکردنی هەیە. لەبەر ئەوەیکە لەبارەی متمانە و بڕوای ڕوانگە و باوەڕەکان دەپرسێتەوە. ئاساییە کە ئایدیۆلۆژی دەبێتە شوێنێک بۆ دارشتنەوەی شەڕەکان.

ئایدیۆلۆژی پتر لە ٢٠٠ساڵ تەمەنی هەیە کاتێک کە بیرمەندی گەورەی فەرانسەوی ئانتوانت دوتراسی لە ساڵی ١٧٩٣ ئەم زاراوەیەی داهێنا، تا بە ئەمرۆ گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە کە لە ڕێگای گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی، فکری و سیاسییەکان چەندین جۆر پێناسە و ناتەبایی بەخۆوە بینیوە. ئیسمۆس لە زاراوەی ئایدیۆلۆژی ئیشارە بە ئیسمۆسی یونانییە کە لێرە بە واتای کردەوە و جوڵە دێت. ئاماژەیەک بەم مەسەلەیە کە لەڕاستیدا شوێنی جۆر و گروپە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە. بۆ نموونە پەرەدانی ئاواتە دێموکراتیکەکان، بزاڤە جەماوەرییەکان بەتایبەتی لە دەیەی ٦٠ی زایینی. ئایدیۆلۆژی کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو لە بیروباوەڕەکان و فکر و ئەندێشەکانە کە بەگشتی لە چوارچێوەی یەک نیزامی یەکدەست و ڕێکخراوە پێکهاتووە .

## گەلاڵەی چەمکی ئایدیۆلۆژی

ئایدیۆلۆژی زیاتر لەگەڵ دوو شێواز دەکرێ شی بکرێتەوە؛ یەکێک لە ڕێگای ڕوانگەیەکی بێلایەنانە و ئەویتر ڕوانگەیەکی لە مانای ڕادیکال یان ڕخنەگرانە یان سەرزنشت ئامیز .

لە ڕوانگەی بێلایەنانە هەر وەک تارکۆت پارسۆنز کۆمەڵناسی ناودار وتوویەتی دەکرێت ئایدیۆلۆژی بە زمانێکی ساکار، نیزامێک لە فکر و بیروڕاکان پێناسە بکات. نیزامێک لە بایەخەکان و نۆرمەکان کە ڕوانینی سیاسی گرووپێک یان کۆمەڵگایەک بەیان یان ئاراستە دەکات.

بەم واتایە کە تالیبان یان ڕێژیمی ئاخوندی نیزامی عەقیدەییان هەیە؛ هەروەها فیدل کاسترۆ ساڵانێکی زۆر جگەرەی بەرگی دەکێشا لە چرکەساتێک لە ژیانی بریاری دا دەستی لێبشواتەوە بەڵام لە نیزامی عەقایدی کە ژیانی خۆی و ژیانی وڵاتەکەی لە برسیەتی و دەستەنگیدا بوو دەژیان بە کۆبا مانای دەبەخشی بەڵام ئامادە نەبوو لە نیزامی بیروباوەرەکانی دەست بشواتەوە.

لە واتا ڕەخنەگرانە و کرتیکالەکەی دەکرێت ئایدیۆلۆژی پێناسە بکرێت بە کۆمەڵەبیروباوەڕێکی سیاسی بە ڕوانگەی پراکتیکی Action Oriented، لێرە ئایدیۆلۆژی لەگەڵ فەلسەفەی سیاسی، ئیلاهیاتی سیاسی یان کەلام جیاوازە. ئایدیۆلۆژی لەڕاستیدا کۆمەڵە بیروباوەڕێکە کە زۆر زوو دەیهەوێت بە ئامانجەکانی بگات. جارێک بە لینینیان وت گەلاڵەی کردەیی ئێوە بۆ پیادەکردنی کۆمەڵگایەکی دڵخواز لە سۆڤیەت چییە؟ ئەویش بە هەمان ڕوانین و وەرگرتن لە ئایدیۆلۆژی ئەم قسەیەی کرد: لە دوو

درێژە لە لاپەڕەی ٩

# ئیسرائیل باش دەزانێت، شەڕی ئێرانە دەیکات



محەممەد سلێمانی

بێنیامین نێتانیاهۆ سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل سەبارەت بە کێشەکانیان لەگەڵ حەماسدا گووتی: وڵاتەکەی بەنیاز نییە لە ئێستادا کردارە سەربازییەکەی ڕابگرێ و ئەو هەڵمەتەش بە پشتیوانی کۆمەڵێك وڵاتی دیکە و ئەمریکا ئەنجام دەدات و ئیسرائیل بەتەنیا نییە لە بەرەی شەڕ بەدژی گروپە تیرۆریستییەکان و حەماسی باڵی سەربازی سەر بە ئێراندا. سەرکردە سیاسی و سەربازییەکانی حەماس هەوڵی زۆر دەدەن کە تاران هێزی سەربازی ڕەوانەی بەرەکانی شەڕ بکات، بەڵام ئێران بوێری ئەوەی نییە ڕووبەڕوو شەڕی ئیسرائیل بکات و داواکاری ئەو گروپە جێبەجێ بکات، چوونکە بەباشی لە ئەنجامەکانی ئەو بەریەککەوتنە و مەترسییەکانی تێدەگەن و لە ئێستادا خەریکی دوورکەوتنەوەن لە حەماس تا بارودۆخەکە لەوەی زیاتر ئاڵۆز نەبێت.
ئەمریکا و ئورووپا لەو ڕاستییە گەیشتوون کە ڕێژیمی ئاخوندی لە پشت حەماسە و تاران دەیهەوێت بەو ڕێگایەدا هێز و توانایی بەرگری وڵاتەکەی نیشان بدا و، گوشاری زیاتر لەسەر دۆستە سیاسی و ستراتیژییەکانی واشینگتۆن دروست بکات و پەیامی توندی تاران بە دژبەرەکانی بگەیەنێت.
بێگومان کاتێك ئاشتی لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دێتە ئاراوە کە حکوومەتی ئاخوندی بەتەواوی هەوسار بکرێ و توانا ئابووری و بەرگرییەکانی تێك بشکێن، ئەگینا بارودۆخی ناوچەیی و نێودەوڵەتی زیاتر بەرەو ئاڵۆزی دەچێ و گروپە تیرۆریستییەکانی سەر بە تاران لە زۆر ناوچەی گرینگدا، دەستیان بە خۆڕێکخستنەوە و جووڵەی نوێ بە هاوکاری و یارمەتی تاران کردووە و نوێترین چالاکی تیرۆریستی، هێرشی مووشەکی بزووتنەوەی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل بوو.
بزووتنەوەی حەماس بۆتە باڵی سەربازی سەر بە ئێران و بە ئەمری تاران هەڵدەسوڕێ و ئاکامی شەڕوپێکدادانەکانی ئەم دواییەش، جگە لە زیانگەیاندن بە گەلی فەلەستین و دەسکەوتە سیاسییەکانی، بۆ جارێکی تر پێگەی ئیسرائیلی بەهێز کردەوە. دیارە هیچ لایەك حەماس وەك نوێنەری گەلی فەلەستین سەیر ناکات و بەدوای هێرشی مووشەکی بۆ سەر ژمارەیەك پێگە و شاری ئیسرائیل، کە زیانی گیانی و ماددی بە تەلەڤیف گەیاند، ئەو وڵاتەش بەمەبەستی بەرگریکردن لەخۆی بە جیددی وڵامی ئەو هێرشانەی دایەوە و زیانێکی باشی بە پێگە سەربازی و توانا بەرگری و ئابوورییەکانی حەماس لە نەواری غەزە گەیاند.
ئاڵۆزییە سیاسییەکان پێی ناوەتە قۆناخێکی گەلێك مەترسیدار و تا ئێرە دەستێوەردانی دەرەکی و بەدیاریکراوی ئەمریکا زۆر بەرچاو نەبووە و بەدڵنیاییەوە هەموو لایەك لەسەر ئەوە کۆکن کە چالاکییەکانی حەماس لاواز بکرێ لەبەر ئەوەی، وەك ڕێکخراوێکی توندئاژۆی ئیسلامی و نەیار کە بە فیتی تاران هەڵدەسوڕێت، بەردەوام هەڕەشە بووە لەسەر سەقامگیری و ئاشتی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا و پێویستە بەتەواوی لە پێ بخرێت و هاوپەیمانە نهێنییەکانی حەماس تاڕادەیەك لە ئاڵۆزتربوونی دۆخەکە نیگەرانن و لەگەڵ هێوربوونەوەی کاتیدان.
ئەو شەڕە لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا لێکدانەوە و کاردانەوەی جۆربەجۆری لێکەوتەوە و ئەوجار بەپێچەوانەی شەڕەکانی ڕابروو، ئەمریکا و ئورووپا کردەوەی تیرۆیستی بزووتنەوەی حەماسیان ئیدانە کرد و تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش بە پشتیوانی لە فەلەستینییەکان کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان نەبووە لە بەر ئەوەی دەزانن هۆکاری ئەو پێکدادانە نوێیە حەماس و ئێرانن.
ئەگەر بەوردی سەیری هەڵوێستی وڵاتانی جیهان بکەین، بە شێوەی بنەڕەتی پشتیوانییان لە ئیسرائیل کرد و تەنانەت ئاڵمان و ئوتریش بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە تەلەڤیف مافی خۆیەتی بەرگری لە خەڵك و ئاسایشی نەتەوەیی خۆی بکات لەبەرامبەر ئەو هێرشە مووشەکییانەی بزووتنەوەی حەماس بە هاندانی تاران لە کەرتی غەزەڕا دەیکاتە سەر ئیسرائیل.
وڵاتانی ئۆرووپایی لە کاتێکدا داوایان لە ئەمریکا کردووە بەکردار دەستێوەردان لەو دۆخە ئاڵۆزەدا بکات و پێش بەهێرش و ماڵوێرانی و کوشت و کوشتاری زیاتری خەڵکی بێ تاوان بگرێ!!کە واشنگتۆن پشتیوانیی خۆی لە هەنگاوەکانی ئیسرائیل دەربڕی و بەدڵنیاییەوە لە مەیدانی شەڕ و پێکدادانی لەوجۆرە چڕ و ئاگرینەدا، زۆر سروشتییە کە خەڵکی بێتاوان و منداڵیش دەبنە قوربانی و ئۆباڵی ئەو کارەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە گەردنی بزووتنەوەی حەماس وەك سەرچاوەی ئاڵۆزی و تێکچوونی هاوسەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە زیانی گەورەی بە گەلی فەلەستین گەیاند.
ئێران هەڵەیەکی گەورەی کرد کە ڕاست لە ئێستادا حەماسی ڕاسپارد تا هێرشی لەوجۆرە بە مووشەکی تاران بکاتە سەر ئیسرائیل، چوونکە تاڕادەیەك نەرمییەك لە سیاسەتی ئەمریکادا سەبارەت بە ڕێژیمی تاران پێك هاتبوو و ئەو ڕوانینە هاتبووە بەرەوە کە ئێران نیازی هەیە لە پێناوی باشترکردنی دۆخی سیاسی و ئابووری نێوخۆیدا، ئەگەر بە چەند هەنگاوێکی بچووکیش بێ، لەگەڵ ئەمریکادا لەسەر پرسی ناوکی و کۆی ئاڵۆزییە سیاسی و ناوچەییەکان گفتوگۆی ڕاستەوخۆ ئەنجام بدات کە ئەوەش ڕەنگە هەڵوێستی ئەمریکای تاڕادەیەك گۆڕیبا و سزاکانی سەر تارانی هێندێك سووکتر کردبا بۆ ئەوەی دەرفەتی پابەندبوونی تاران بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی پێك هێنابا.
پاش ئەوەی حەماس ئەو هێرشە چڕەی بە مووشەکی ئێران کردە سەر ئیسرائیل، ئەمریکا زۆر بەجیددی و ئاشکرا پشتیوانی خۆی لە حکوومەتی تەلەڤیف ڕاگەیاند و بە مافی تەواوی ئیسرائیلی دانا لە بەرامبەر کردەوەی تیرۆریستی حەماس و نەیارەکانیدا بەرگری لەخۆی بکات تا مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتەکەی دووربخاتەوە و ئەگەر سەیری ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بکەین، دەبینین کە بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی حکوومەتی ئیسرائیل بە تێکڕایی لەسەر یەك خاڵ بە تەواوی کۆکن، ئەویش گەڕانەوە بۆ نێو غەزە و بنبڕکردن و لاوازکردنی گروپی حەماسە کە بە فیتی تاران هەڵدەسووڕێ و بەردەوام هۆکاری لێك دوورکەوتنەوەی ئیسرائیل و فەلەستینییەکان بووە.
تاران ویستی بە ڕێگای ئەو بارگرژییەدا سیاسەتی حکوومەتی نوێی ئەمریکا و سەرکۆمار بایدن سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی هەڵبسەنگێنێ؛ هەروەها ئێران پێی وابوو سیاسەتی هەندەرانی واشنگتۆن لەهەمبەر تاراندا بە تەواوی گۆڕاوە و وەك ڕابردوو خۆیان لەسەر تەلەڤیف پیاوخراپ ناکەن و هەڵوێستێکی ئەوتۆیان نابێت و ئەوجار پشتی ناگرن و بە تەنیا دەبێ و بە ئاسانی لاوازی دەکەن.
لە کاتێکدا زۆرێك لە بڕیاربەدەستە سیاسی و سەربازییەکانی واشنگتۆن بە ٤٤ ئەندامی کۆمارییەکانی سەر بە ئەنجوومەنی پیرانی ئەمەریکا داوایان لە جۆ بایدن کردووە دانوستانی ناوکی لەگەڵ حکوومەتی ئێراندا هەڵبوەشێنێتەوە و نابێ نەرمییەك سەبارەت بە تاران لە سیاسەتی ئێمەدا ڕووبدات لە کاتێکدا دەبینین ئەو وڵاتە ئاڵوگۆڕێك بەسەر ڕفتارە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیدا ناهێنێ و بە ئاشکرا پشتیوانی لە گروپە تیرۆریستییەکان دەکات لە سەرئاستی گێتیدا و بە بەرچاوی هەموولایەك پەلاماری هاوبەشەکانی ئەمریکا دەدات لەسەر ئاستی ناوچەییدا.
بێگومان داواکاری ئەو ژمارە لە ئەندامانی ئەنجومەنی پیرانی ئەمریکا و ناوەندە بڕیاربەدەستە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە شوێنی لەسەر ڕوانینی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەبێ و واشنگتۆن بڕیار و قەراری سیاسی لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی گشتی و ئاسایشی وڵاتەکەیان دەدەن و بێگومان سەرنجی سیاسی و دیپلۆماسی سەبارەت بە مەسەلە گرینگ و جەوهەرییەکان بەهێند وەردەگرن و بەتایبەتیش ئەو خاڵانەی پەیوەندیدارن بە ئاسایشی نەتەوەیی و ڕێژیمی ئاخوندی ئێران کە بۆتە کەواسووری بەرلەشکری تیرۆریستی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا.
بزووتنەوەی حەماس بێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی سیاسی و نەتەوەیی گەلی فەلەستین و ئەنجامەکانی ئەو هێرشە، بە هاندانی تاران و حیزبووڵڵای لوبنان خۆی و گەلەکەی خستە شەڕێکی کاولکاری نوێ و، بەدڵنیاییەوە زیانی گەورەی بە ژێرخانی ئابووری و ئاسایشی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی ئیسرائیل و فەلەستینەکان گەیاند و لەجیاتی قووڵتربوونەوەی گیانی هاوکاری و لێکنزیکبوونەوە، بەو کردارەی زیاتر لێك دوور دەکەونەوە کە ئەوەش بە پلەی یەکەم بە دڵی تارانە و بە زیانی پرۆسەی سیاسی و ئاشتی درێژخایەنە لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا.
ئەمریکا و ئۆرووپا ئەگەر بیانویستبایە بە چەند کاتژمێرێك کۆتاییان بە شەڕ و ئاڵۆزییەکان دەهێنا و ئەو شەڕە مووشەکییە درێژەی نەدەکێشا، بەڵام وەختێك بزووتنەوەی حەماس بە فیتی وڵاتێکی تر شەڕ دروست دەکات و هێرش دەکاتە سەر یەکێك لە گرینگترین دۆستە ستراتیژییەکانی واشنگتۆن بێگومان دەرفەتی زیاتر بە ئیسرائیل دەدەن بە باشی دەستی خۆی لە نەیارەکانی لە نێو خاکەکەیدا بوەشێنێ و دوژمنەکانی بە جۆرێك لاواز بکات کە بوێری ئەوەیان نەبێت جارێکی تر بەو جۆرە هێرش بکاتەوە سەر هاوپەیمانە ناوچەییەکانی.
بارگرژییەکانی ئەو جارە، هەڵوێست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا سەبارەت بە ئێران لە جەوهەردا دەگۆڕێ و گورزێکی باش لەو زەمینەیە درا کە تا ڕادەیەك لە نێو وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و تەنانەت کۆمەڵێك لە وڵاتانی ئۆرووپایی وەك پشتیوانی سیاسی سەبارەت بە ڕێژیمی ئاخوندی پێك هاتبوو، بەو هەنگاوەی تاران دۆخەکەی زیاتر شلوێ کرد و سەلماندی بە هیچ جۆرێك بە ڕفتارەکانیدا ناچێتەوە و بەردەوام دەبێت لەسەر سیاسەتی کەڵاوەکێشی لە سەر ئاستی ناوچەیی و لە پشتیوانی لە گروپە تیرۆریستییەکان.
بەو هێرشە، جگە لە بەهێزتربوونی پێگەی ئیسرائیل و ریسواتربوونی تاران و ناسرانی بزووتنەوەی حەماس وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریست و پیاوی تاران، دەسکەوتێکی تری بەدواوە نەبوو و تەنانەت سیاسەتی ئەمریکا و ئورووپا لەهەمبەر گروپە تیرۆریستەکان و ڕێژیمی ئاخوندیدا زیاتر لێك نزیك کردەوە و ئیدی دەرکەوت ئێران هەڕەشەیە لەسەر ئاسایشی نیشتمانی وڵاتانی ناوچە و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەگشتی و لازمە بەتەواوی هەوسار بکرێ و هەرجۆرە نەرمییەك لەهەمبەر ڕێژیمی ئاخوندیدا زیان بە بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتانی ناوچە و نێودەوڵەتی دەگەیەنێت.
ئیسرائیل دەمێکە لەگەڵ گەورەبەرپرسانی سیاسی ڕووسیەدا لە پەیوەندی گەرمدایە سەبارەت بە داهاتوی سیاسی سووریە و دەرکردنی هێزەکانی سپای پاسداران لە نێو خاکی ئەو وڵاتەدا کە بە مەترسییان لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێ و دیارە تاڕادەیەك ئەو زەمینەیە دروست بووە. مسکۆ کۆتایی بە هێز و نفووزی تاران لە سووریە بێنێ و، میلیشیا چەکدارە توندئاژۆ ئیسلامییەکانی سەر بەتاران لەو وڵاتە بکاتە دەرەوە، کە ئەو هەنگاوەش بەنۆرەی خۆی شوێنی لەسەر چالاکییەکانی تاران و گروپە تیرۆریستییەکان دەبێت.

درێژەی لاپەڕەی ٨

شت پێکهاتووە یەکەم سۆسیالیزم دووهەم دەکەڵی مۆخابرات، سووسیالیزم بۆ لێنین نیزامێکی بیروباوەر،بایەخ و نۆڕمە کە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیی دادەمەزرێنێت. دەکەڵی مۆخابرات لە ڕاستیدا مانای ئۆردووگای زۆرەملی، بەنداوە گەورەکانی هەیە.
لە مانای ڕەخنەگرانە هەروەها دەتوانین بڵێین ئایدیۆلۆژی بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە؛ ئەم لێکدانەوە ڕیشەی لە تیۆری و کتێبەکانی کارل مارکس هەیە، مارکس دەیگوت هەر کەس ساحێبی زۆرترین ئەسپ بێت هێزی سیاسی لە دەست ئەودایە؛ کەوابوو لە هەر کۆمەڵگایەک بیروباوەڕی حاکم، بیروباوەڕی چینی دەسەڵاتدارە یانی حاکمەکان کۆمەڵێک لە ئیدەکانە بەستێنی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری وەک بیروباوەر هەڵدەبژێرن و لە کۆمەڵگا ئامانجی خۆیان دەسەپێنن.
هەروەها لە مانای سەرزەنشت ئامیزدا دەبێت بگوترێت ئایدیۆلۆژی ئاگایی درۆیینە کە دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤ، کەسی بەرانبەری خۆی بە مرۆڤی شەریف ببینێت یان لە ئاستی جڕوجانەوەر دایبنێت.
لە مانایەکی تردا ئایدیۆلۆژی بۆ ڕەواییدان بە ڕێژیمێکی سیاسی بەکار دەهێنرێت واتە نیزامی سەرمایەداری بۆ ڕەوایی خۆی لە کۆمەڵە فکری خۆیان کە پەسەند یان درووستی نیزامی ئابووریی ئازاد یان بازاڕ، ڕقابەتی، مەسرەفی کەڵک وەردەگرن لەهەمانکاتدا لە بەرانبەری کۆمۆنیزم و هەروەتر کۆمەڵە فکری بەفەرمی پەسەندکراو لە بوارگەلی جیاواز خۆدەنوێنێ.
بۆ نموونە لە سەردەمی ستالیندا کۆمۆنیستەکان ئیدیعایان دەکرد کە لە سۆڤییەت یەڕەماسییان(پەتاتە) بەرهەم هێناوە کە بە تەواوەتی کۆمۆنیستییە و لەگەڵ کۆمەڵگای ئارمانی ئەوان بەرهەم هاتووە بەڵام یەڕەماسییەکان بەتەواوی لەپەسندی بیروباوەڕیانە کە لە کۆمەڵگای ڕۆژئاواییدا دەڕزێت و ئەگەنێت.
بە وتەی ئولوین گۆڵدنێر ئەم ڕوانگە ئایدیۆلۆژیکە بەتەواوەتی ڕادیکاڵە و دەبێتە هۆی ئەندازیاری کۆمەڵگا.
بە هەر چەشنێک بێت لەگەڵ ئەم دوو ڕوانگەی بێلایەن و ڕخنەگرانە، ڕوانگەی ئەرێنی و نەرێنی، ئایدیۆلۆژی ئیمکانێکە، هەوڵێکی لەبەرچاوە لە یەکەمین چرکەی ئایدیۆلۆژی بەکار هێنراوە.
لە سەدەی ١٨تا ئەمرۆ بۆ تێگەیشتن لە جیهان و ژینگەی خۆمان بەواتایەکی فەلسەفی لەو جێگا کە سوقرات لە وانەکانی ئەفلاتوون دەڵێت مرۆڤ دەبێت لە ڕێی خودی دووهەمی دەروونی خۆی مرۆڤ بە تێفکرین هان دەدات لەبارەی خۆی و جیهانی دەوروبەری بە شێوازی ڕێکوپێک و لۆژیکی ورد ببێتەوە.
ئایدیۆلۆژی زۆر بە ئاسانی بە شێوازی بیرتەسکانە و دنەدەرانە هەوڵ دەدات کە جیهان بۆ لایەنگرانی خۆی بە شێوازی زۆر ساکار تێبگەیێنێت.
لە ڕوانگەی سوقراتەوە تێفکرین کردەوەیەکی دژوار و ئاڵۆزە و پێویستی بە کات هەیە. ل
ە ئایدیۆلۆژیدا تەنانەت منداڵێکیش، لە هەر کوێ دەتوانێ لە ڕێی بەرنامەی کردەوەیی کە ئایدیۆلۆژی دەیخاتە ڕوو لە ژینگەی دەوروبەری خۆی تێبگات؛ کەوابوو ئایدیۆلۆژی هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن و فامکردنی دنیا.

**بۆ شیکردنەوەی فامکردنی ئایدیۆلۆژی چوار خاڵ گرینگە بزانین :**

١. ئایدیۆلۆژییەکان بەگشتی لە قەیراندا سەرهەڵدەدەن و لە جیاوازی و پێکداداندا دەخۆنەوە؛ بە وتەی ئیدمۆن برێک لە سەردەمی شۆڕشی فەرانسەدا زۆر دڵەڕاوکێ توندوتیژی شۆڕشی ئەو سەردەمی هەبوو و دەیگوت مرۆڤ کاتێک بەختەوەرە کە بە دڵنیاییەوە فکر و ئایدیۆلۆژییەکان نەبن.
زۆر سەرنجڕاکێشە ئانتۆنیۆتراسی ئەم وشەیەی لە گرتنگە لە ساڵی ١٣٩٣ کە لە لایەن شۆڕشگێڕە فەڕانسەییەکان گیرابوو ئەم زاراوەیەی داهێنا.
٢. ئایدیۆلۆژی وەک زانستێک بۆ باشترتێگەیشتن لە دنیا هەوڵ دەدات کە جیهانێکی چەندتوێ وەک پێستی پیواز یەک بە یەک پێستەکان لابدات و مانای بکاتەوە کەوابوو ئایدیۆلۆژی وێنایەک دەدات بەدەستەوە تاکوو بتوانین شوێنی خۆمان بدۆزینەوە کە کێین و لەکوێین؟
بە وتەی مارتین لوتر لە کاتی دادگاییکردنیدا ئەمن چارەنووس وای لێ کردووم ئیمڕۆ لە پشت ئەم مێزە بم و حوکم بدرێم و ناتوانم لە جێگایەکی تر بم.
٣.ئایدیۆلۆژی نەتەنیا ڕاستییەکانی دەوروبەر ڕاڤە دەکات بەڵکوو لە سەر ئەساسی ئەو باوەڕە کۆمەڵگای دواڕۆژیش وێنا دەکات کە دەبێت لە قۆناغێکی زەمەنی کەم یان زیاددا درووست کرابێت. لە کۆمەڵگایەکی ئارمانی کە لەوێدا هەموو پەیوەندییە کۆمەڵایەتی،سیاسی،خێزانی و هاوڕێیانەکان تەوسیف کراوە.
٤.لە تەواو ئەو هەموو ٧٠ ، ٨٠یسمانە کە لە کۆتاییەکانی سەدەی ١٩ی زایینی سازکراون تا بە ئەمڕۆ میناک سیمانی کۆمەڵایەتی دەمێنن کە ئێمە دەتوانین بن و بنچینەی ئەو بناخەی لەسر سفت درووست بکەین کەوابوو ئایدیۆلۆژی چیمەنتۆی کۆمەڵە، هۆکاری پەیوەندی گرووپ و چین و توێژەکانە.
هەر گرووپ و چینێک هەوڵ دەدات بۆ ئەوەی شوناسی هەبێت، جەهەتی دەوێت و پێویستی بە قۆتبنەما هەیە و ئەویش چیمەنتۆی کۆمەڵگایە.
بۆ میناک ئایدیۆلۆژی لیبرالی هۆی پێوەندی هەموو ئەو کەسانەیە کە پێیان دەڵێین توێژ یان چینی مامناوەندی.
کۆنسێرڤاتیزم دەتوانێ ببێتە هۆی پەیوەندی نێوان چینی زەویدار و ئاغا. سوسیالیزمیش پەیوەندی نێوان گرووپ و چینەکان کە لە سەردەمی مارکسەوە پێی دەڵێن پرۆلێتاریا بێجگە لە زنجیرەکانیان شتێکیان نییە لە دەستی بدەن کرێکارەکانی جیهان کە ماڵیان نییە .
ئەم وتە هەستبزوێنانە سۆسیالیزم، ئایدیۆلۆژی جیهانی بی چین و توێژەیە کە وەک چیمەنتۆی کۆمەڵگا بە بندەستان دەیدات و مێشکیان ختووکە دەدات.
ئایدیۆلۆژی سەرتاسەری جیهانی دەوروبەری مرۆڤی تەنییەوە و هەر گرووپ و نەتەوەیەک خۆی بە فکریەت و مەرامێکی سیاسی پێناسە دەکات تەنانەت خودی قسەی من ئایدیۆلۆژیم نییە، شێوازێک لە ئایدیۆلۆژییە. هەر بۆیە بۆ ناسینی ئایدیۆلۆژی دەبێت زۆر بە وردییەوە سەیری گۆڕانکارییەکان و بەستێنی سەرهەڵدانیان بکەینەوە تا خوێندنەوەیەکی پتەومان لێ چ ببێت بەڵام لە کۆتاییدا مرۆڤ بەردەوام پێویستی بە ئایدیۆلۆژی هەیە.

# د. محەممەد حوسێنزادە:

## ئەوە ڕاستییەکی سەلمێنراوە کە هەبوونی کۆماری ئیسلامی بەستراوەی قەیرانە لە ناوچەکە



**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

شەڕی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین لە دووهەمین حەوتووی خۆی نزیک دەبێتەوە و دۆخەکە بەرەو بارگرژییەکی زۆر ڕۆیشتووە. ئیسرائیل لە وڵامی مووشەکەکانی حەماسدا، هێرشی بەربڵاوی ئاسمانی بۆ سەر غەزە دەست پێکردووە.

زۆرێک لە وڵاتانی جیهان و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ لە هەوڵی جیددیدان و جەختی لەسەر دەکەنەوە.

هێرشەکان لە نێوان ئیسرائیل و گرووپی حەماسدا کە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پشتیوانی لێدەکرێت، هەتا ئێستا زیانێکی زۆری ماڵی و گیانی بەدواوە بووە.

ڕێبەرانی حەماس و جیهادی ئیسلامی بە ڕاشکاوانە لە پشتیوانییە هەمەلایەنەکانی تاران دەستخۆشی دەکەن و تارانیش داوایان لێدەکات لە بەرەی مقاومەت (بەرگری) درێژە بە شەڕ دژی ئیسرائیل بدەن.

ئیسرائیلیش دەڵێت هێرشەکان بۆ سەر غەزە بە هەموو تواناوە درێژەی دەبێت.

ئەو بابەتەمان لە وتووێژێکدا لەگەڵ دوکتور **«محەممەد حوسێن زادە»** دوکتورای پێوەندییە نێونەتەوەییەکان و شرۆڤەکاری سیاسی خستووەتە بەر باس کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**-شەڕی ئیسرائیل و حەماس بەرەو دووهەمین حەوتووی خۆی هەنگاو دەنێت، ئایا ئەم شەڕە پێشبینی دەکرا؟**

ئەگەر لە بەستێنێکی مێژووییەوە بڕوانینە ئەو پرسە و پەیوەندییەکانی ئەو دوو ئەکتەرە هیچ شتێک چاوەڕواننەکراو نییە؛ بەڵام لەڕاستیدا، شەڕێکی لەو ئاستەدا و لەم قۆناغەدا لانیکەم بۆ من چاوەڕوانکراو نەبوو. زۆربەی شارەزایان و ئەو کەسانەیش کە بە وردی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە پرسی ئیسرائیل- فەلەستین دەکەن، چاوەڕوانی پێکدادانێکی لەو جۆرەیان نەدەکرد. ڕاستە لەو چەند مانگەی دواییدا هەندێ گرژی و ناکۆکی لە نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکان، بەتایبەت بەهۆی فەرمانی دەرکردنی چەند خێزانێکی دانیشتووی گەڕەکی شێخ جەراح لەئارادا بوو و دواتر بە دەرگیرییەکانی دەوروبەری مزگەوتی ئەقسا گرژییەکان توندتر بوونەوە بەڵام چاوەڕوانی ئەوە نەدەکرا حەماس هەڵمەتێکی بەو جۆرە دەست پێ بکات. ئەوەش بڵێم کە ئەو هەڵوێستە توندەی ئیسرائیل کە لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەران نواندی و نزیکەی ٣٠٠ کەسی لە مانگی ڕەمەزاندا بریندار کرد، زەمینەی بۆ داگیرسانی ئەو شەڕە زیاتر ڕەخساند. ئەوەشمان لەبیر بێت پێشتریش کابینەی ڕاستگەرای نێتانیاهۆ بە دەرکردنی یاسای دەوڵەت و نەتەوە، ناساندنی زمانی عێبری وەک تاقە زمانی فەرمی ئیسرائیل و پەراوێزخستنی عەرەبەکان تا ڕادەیەک عەرەبەکانی تووڕە کردبوو. لەو لایشەوە ڕێکخراوی توندڕەوی حەماس کە لەژێر کاریگەری لایەنی دەرەکیش و لەوانە کۆماری ئیسلامیدایە بە چەند هۆکارێک و لەوانە کەڵکوەرگرتن لە دەرفەتی هەڵوەشانەوەی هەڵبژاردنەکان بۆ خۆنواندن وەک تاقە نوێنەری فەلەستین، مەیلی پێکدادانێکی هەبوو، بەڵام چاوەڕوان نەدەکرا ئەو پێکدادانە لەو ئاستەدا بێت.

**-سەرەڕای داواکاریی وڵاتان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕاوەستاندنی شەڕ، چۆنە کە هەر دوو لایەن ئاگربەس ڕاناگەیێنن؟**

زیاتر لە حەفتا ساڵە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی جیهان بە عەرەب و ئیسرائیل دەڵێن دان بە خۆتاندا بنێن و شەڕەکانتان تەواو بکەن و کێشەکان چارەسەر بکەن بەڵام بەکردەوە ئەو پرسە وەک خۆی ماوەتەوە و چارەسەر نەبووە. ئەم شەڕەیش بەشێکە لەو مێژووە. ڕاستە هەوڵەکان بەردەوامن و هەر ئێستاش و لە کاتی ئەم وتووێژەدا هەوڵەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکا و وڵاتانی تری جیهان و ناوچە بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە چڕ بوونەتەوە. هەندێ لە میدیاکانیش باس لەوە دەکەن کە هەندێ پێشکەوتن هاتووەتە ئاراوە. مودێلی شەڕەکانی پێشووی ئەو دوو لایەنەش وابوو کە درێژخایەن نەبن. لەڕاستیدا دوای ساڵی ٢٠١٤، ئەمە یەکەمین شەڕی بەربڵاوی حەماس- ئیسرائیل بووە. من وای بۆ دەچم کە ئەو لایەنەی کە ئەمجارە زیاتر خوازیاری بەردەوامبوونی شەڕەکە بووە ئیسرائیلە. هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئیسرائیل چاوەڕوانی ئەوەی نەدەکرد کە هێرشێک بەو بەرفراوانییە و بەو هەموو مووشەکە بکرێتە سەری کە تەنانەت سیستەمەکانی بەرگری دژی مووشەکی ئەو وڵاتە وەک پێشوو وەڵامدەرەوە نەبن. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو سیستمانە ناکارامە بوون، دیارە بەشی هەرەزۆری ڕاکێت و مووشەکە هاوێژراوەکان بە سیستمی گۆمەزی ئاسنین پووچەڵ کرانەوە و ئەو سیستمە نزیکەی ٩٠٪ لە مووشەکەکانی پووچەڵ کردووەتەوە بەڵام بەو حاڵەش ئیسرائیل دەیهەوێت تێچووی ئەو هێرشە ئەوەندە بەرز بکاتەوە کە لایەنی بەرانبەر جارێکی تر بیر لە هێرشێکی لەو جۆرە نەکاتەوە. بەنی گاتس وەزیری بەرگریی ئیسرائیل، هەر سەرەتا ئاماژەی بەوە کرد و ڕایگەیاند کە دەبێ کارێک بکەین تا چەندین ساڵی تر هەست بە ئاسایش بکەین کە مەبەستی لەناوبردنی موشەک و تونێل و ژێرخانەکانی حەماس بوو بۆیە چەند ڕۆژێکی پێویست بوو تا ئیسرائیل ئەو پلانەی خۆی پراکتیزە بکات. تا ئێستاش ئیسرائیل گورزێکی گەورەی لە تواناکانی حەماس داوە. خواستی ئیسرائیل ئەوەیە کە دەبێ تێچووی ئەو هێرشە بۆ حەماس بگەیێنێتە ئەوپەڕی خۆی. بە بڕوای من ئەوە هۆکاری درێژبوونەوەی شەڕەکەیە بەڵام هۆکاری تریش هەن. دەکرێ بەشێکیشی پەیوەندی بە شانۆی سیاسەتی ناوخۆی ئیسرائیلەوە هەبێت. نێتانیاهۆ نایهەوێت بە ئاسانی دەسەڵات ڕادەست بکات و لە سەروبەندی پێشبڕکێکانی ناوخۆ و لە کاتی پێکهاتنی حکومەتی نوێدا، هەڵوێستێکی لاواز لە بەرانبەر حەماسدا بنوێنێ، ئەگەرچی کەسێکی تر بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێ ڕاسپێردراوە. ئەمە جگە لەوەی کە وەک کەسایەتی خۆی بەردەوام هەڵویستی توندی لەبەرانبەر ئەو گرووپانەدا هەبووە. لەو لایشەوە، حەماس دەیهەوێت لە پێگەی لاوازی مەحموود عەباس لە قازانجی خۆی کەڵک وەربگرێت و خۆی وەک پاڵەوان و نوێنەری یەکەمی فەلەستینییەکان نیشان بدات و سۆز و مەیلیان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. دەزانین کە دوای سیاسەتەکانی دۆناڵد ترەمپ پێگەی عەباس لە نێو فلستینییەکاندا لاواز بوو بەڵام سەرەڕای هەموو ئەوانە، هیچ کام لە لایەنەکان خوازیاری ئەوە نین کە ئەو شەڕە بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبێت.

حەماس کە ئاگادارە توانای سنووردارە و درێژبوونەوەی شەڕ لە قازانجی نییە و فشاری دەرەکی زۆریشی لە سەرە و ئیسرائیلیش دوای وەشاندنی گورزی پێویست ئیشتیا و قازانجێکی ئەوتۆی لە درێژبوونەوەی ئەو شەڕەدا نییە. بە تایبەت کە ئەمجارە دیاردەیەکی نوێیش لە ناوخۆی ئیسرائیل سەری هەڵدا و ئەویش ڕاپەڕینی عەرەبەکانی ئیسرائیل و پێکدادانیان لەگەڵ یەهوودییەکان بوو، بە جۆرێک کە زۆر کەس باسیان لە مەترسی شەڕی ناوخۆیی ئیسرائیل دەکرد. لەلایەکی تریشەوە، فشارە دەرەکییەکان بۆ کۆتاییهێنان بەو شەڕە پەرەیان سەندووە بۆیە دوور نییە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا، بینەری ئاگربەسی ئەو دوو لایەنە بین.

**-ڕێژیمی ئێران لە کوێی شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماس ڕاوەستاوە و چ ڕۆڵێکی هەیە؟**

دیارە حەماس و ئێران سەبارەت بە هەندێ پرس لە ناوچە تێڕوانینیان جیاوازە، بەڵام سەبارەت بە ئیسرائیل دەکرێ بڵێین یەک ڕوانگەیان هەیە. کۆماری ئیسلامیی، بە شێوەی ناڕاستەوخۆ، لایەنێکی ئەو شەڕەیە. حەماس گرووپێکە کە ڕێژەیەکی زۆر یارمەتی دارایی و چەک و تەقەمەنی سەربازی لە کۆماری ئیسلامیی وەردەگرێت و هیچ یەک لەو لایەنانەش نەک هەر ئەوەیان نەشاردووەتەوە، بەڵکوو بە ئاشکرا ڕایانگەیاندووە. هەر لە میانەی ئەو شەڕەدا زەریف لە سەردانی بۆ سووریا لەگەڵ چەند لایەنێکی فەلەستینی دیداری کرد و ڕایگەیاند کە پشتیوانییان لێ دەکەن و شانازیش دەکەن تاوانی ئەو پشتیوانییە بدەن. لەلایەکی ترەوە، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی بە ڕاگەیەندراوێک ڕایگەیاند کە بە ئەرکی خۆی دەزانێ پشتیوانی لە حەماس و جیهادی ئیسلامی بکات واتە هەم بە ڕاگەیاندن و هەم بە کردەوە، بە شێوەی هەناردنی چەک و مووشەک، پشتیوانی حەماسە. من خۆتلاندنی ئەمجارەی حەماس بە شەڕێکی لەو جۆرەوە بەبێ خواستی کۆماری ئیسلامیی بە دوور ئەزانم. وای بۆ دەچم کە هاویشتنی ئەو هەموو مووشەکە، ناتوانێ پەیوەندی نەبێ بەو گورزانەوە کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئیسرائیل لە ئێرانی وەشاند. مەبەستم کوشتنی بەرپرسانی باڵای ئەتۆمی و دواجار هێرشە یەک لە دوای یەکەکان بۆ سەر کەشتییەکانی ئێران لە دەریا و دواجار تەقینەوەکە لە بنکەی نەتەنز کە لە تۆڕی کارەبای دامەزراوە ئەتۆمییەکان ڕووی دا و زیانێکی گەورە بەر ئێران کەوت و زۆربەی سانتریفیوژەکانی پیتاندنی ئۆرانیۆم لەناوچوون و لەکار کەوتن. لە پاڵ ئەم گرژییانەدا کە لە نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیلدا هەبوون، ڕەنگە کۆماری ئیسلامیی ڕۆڵی سەرەکی هەبووبێت لە هاندانی حەماس بۆ خۆتێوەتلاندن لەو شەڕە.

**-شەڕی ئیسرائیل لەگەڵ حەماس کە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت چ کاریگەرییەکی لەسەر وتووێژەکانی بەرجام لە ڤییەن هەیە؟**

ئەو شەڕە تا ڕادەیەکی زۆر لە ناوخۆی ئەمریکا ڕەخنەی نەیارانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و کۆماریخوازەکانی توندتر کردووەتەوە. ئەوان پێشتریش لەو بڕوایەدا بوون ئەگەر گەمارۆکان لەسەر ئێران هەڵبوەشرێنەوە، تاران یارمەتی و پارەیەکی زۆر ڕادەستی گرووپە تیرۆریستییەکانی ناوچە دەکات. ئێستا کە دەرکەوتووە زۆربەی مووشەکەکانی حەماس لە لایەن ئێرانەوە دابین کراون، زۆرێک لە دژبەرانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی بە شێوەیەکی جیددیتر داوای کۆتاییهێنان بە گفتوگۆ ئەتۆمییەکانی ڤییەن دەکەن بەڵام بەکردەوە، تا ئێستا ئەو شەڕە و ئەو ڕەخنانە گۆڕانکاریی ئەوتۆیان لە هەڵویستی جۆ بایدن سەرکۆماری ئەمریکا پێک نەهێناوە. بەپێچەوانەوە ڕۆژی چوارشەممە کە دواڕۆژی خولی چوارەمی گفتوگۆکانی ڤییەن بوو، هەموو لایەنەکان ڕایانگەیاند کە ئەم خولەی گفتوگۆکان پێشکەوتنی بەرچاویان هەبووە. تەنانەت عێراقچی، سەرپەرەستی تیمی دیپلۆماتکاری ئێران لە ڤییەن، ڕایگەیاند گفتوگۆکان پێشکەوتنیان هەبووە و بۆیە بەمەبەستی ڕاوێژ لەگەڵ بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی دەگەڕێتەوە بۆ تاران. بەگشتی دەمهەوێ بڵێم تا ئەم ساتە، شەڕی ئیسرائیل- حەماس نەیتوانیوە بە شێوەیەکی ئەوتۆ ئاراستەی گفتوگۆکان بگۆڕێت.

**-ڕێژیمی ئێران لە شەڕی نێوان ئیسرائیل و حەماسدا چ قازانجێک دەبات؟**

ئەوە ئیتر ڕاستییەکی سەلماوە کە هەبوونی کۆماری ئیسلامیی بەستراوەی قەیرانە لە ناوچەکە. ئەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە کۆماری ئیسلامیی لە سەرەتای هاتنە سەر دەسەڵات، ئیسرائیلی وەک دوژمنی سەرەکی خۆی پێناسە کردووە و دژایەتی لەگەڵ ئەو وڵاتە بەشێکە لە شوناسی کۆماری ئیسلامیی، بۆیە هەر جۆرە فشارێک لەسەر ئیسرائیل لە قازانجی خۆی دەبینێتەوە. ئەمە وەک دوو بنەمای هەمیشەیی باسم لێ کردن بەڵام لە ئێستادا، بە بڕوای من ئەوەیکە تەرکیزی میدیاکان لە گفتوگۆ ئەتۆمییەکانەوە گوازراوەتەوە بۆ ئەو شەڕە، دەرفەتێک بە نوێنەرانی ئێران لە ڤییەن دەدات بە ئاسانتر خۆی لەگەڵ خواستی لایەنەکانی تری بەرجام بگونجێنێت.

لەلایەکی تریشەوە، دوای کوشتنی فەخریزادە و تەقینەوەی نەتەنز و هێرش بۆ سەر کەشتییەکانی ئێران و دەیان هێرش بۆ سەر بنکەکانی سوپا لە سووریا، کۆماری ئیسلامیی ئێستا دەتوانێ بە جۆرێک و بەتایبەت لە نێو لایەنگرانی خۆیدا بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەوە تۆڵەی تارانە لە ئیسرائیل.

**-تێکهەڵچوونەکانی غەزە و ئیسرائیل لەسەر هەندێک وڵاتی عەرەبی کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل ئاسایی کردووەتەوە، چ کاریگەرییەک دادەنێت؟**

حاشاهەڵنەگرە کە پرسی فەلەستین و قودس پرسێکی هەستیارە بۆ موسوڵمانان و بەتایبەت بۆ جیهانی عەرەب. بینیشمان کە هەر لە میانەی ئەم شەڕەدا، سەرەڕای ئەوەی وڵاتانێکی وەک ئیمارات و مەراکیش ڕەخنەیان لە ئیسرائیل گرت، بەڵام بەشێکی زۆریش لە کۆمەڵگەی عەرەبی بەوە ڕازی نەبوون و ڕەخنەیان لێ گرتن بۆیە یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو شەڕە و بەتایبەت یەکێک لە خواستە سەرەکییەکانی لایەنگرانی حەماس و وڵاتانێکی وەک تورکیە و ئێران ئەوەیە کە کێشە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتننامە بێننە ئاراوە کە لە سەردەمی دۆناڵد ترەمپ لە نێوان ئیسرائیل و چەند وڵاتێکی عەرەبی، بە مەبەستی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان ئیمزا کران و بە ڕێککەوتنی ئیبراهیم ناویان دەرکرد. دیارە کۆماری ئیسلامیی زیاتر لە هەموو لایەنێک لەو ڕێککەوتنە زەرەرمەند دەبێت و ئەوە لە لێدوانەکانی عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی بە بۆنەی ڕۆژی قودسەوە کە بە توندی هێرشی کردە سەر ئەو وڵاتە عەرەبانە و بە خایین ناوی بردن دەرکەوت. من وای بۆ دەچم کە سەرکردەکانی ئەو وڵاتە عەرەبانە ڕەنگە تا ماوەیەک بە شێوەیەکی خۆپارێزانە و بە پارێزەوە بجوڵێنەوە یان لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندیی بگرن، چونکە کۆمەڵگەی عەرەب و دەسەڵاتدارانی عەرەب سەبارەت بە فەلەستین تا ڕادەیەک جیا بیر دەکەنەوە بەڵام ئەوە بە مانای کۆتاییهاتنی ئەو ڕێککەوتننانە نییە. دوای نیشتنەوەی تەپوتۆزی ئەو شەڕە هەم ئیسرائیل و هەم وڵاتانی عەرەب هەوڵ دەدەن لەسەر ئەو بەستێنەی ڕەخساندوویانە، پەیوەندییەکانیان زیاتر ئاسایی بکەنەوە واتە، من بڕوام وا نییە ئەو شەڕە کۆتایی پرۆسەی ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئیسرائیل بێت.

**-هۆشداری دراوە کە ئەگەر ئاگربەست نەکرێت، ئەم شەڕە بەرەو شەڕێکی تەواو عەیار دەچێت ئەمە بە چ واتایەکە؟**

لەلایەکەوە دەکرێ بەو واتایە بێت کە ڕەنگە مووشەکهاویشتنی زیاتری حەماس، ئیسرائیل ناچار بکات بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی زەوینی هەندێ ناوچە و لەوانە غەزە داگیر بکات. لەلایەکی ترەوە، دەکرێ بەو واتایەش بێت کە لایەنی زیاتر و لەوانە حیزبوڵا لەو شەڕەوە بتلێن. تا ئێستاش هەندێ نیشانە دەرکەوتوون، واتە هەم لە سوریە و هەم لە لوبنانەوە چەند مووشەکێک ئاراستەی ئیسرائیل کراون بەڵام من پێم وا نییە ئەو حاڵەتانە ڕوو بدەن و هەروا کە ئاماژەم کرد پێدەچێت هەوڵەکان بۆ داسەکاندنی ئاگری ئەو شەڕە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا وەڵام بدەنەوە. نە قازانجی ئیسرائیل لەوەدایە کە بچێتە ناو غەزەوە و نە هەلومەرجی ناوچە و جیهان لەگەڵ درێژەپێدانی ئەو شەڕەیە. سەرەڕای هەموو ئەوانە، بارودۆخی ناوچە بە جۆرێکە کە پێشبینیکردنی داهاتوویەکی تەنانەت نزیکیش ئێجگار ئەستەمە.

# شوێن پێ

عەلی سۆهرابی



شەهید عەبدولواحید سۆهرابی

بیخوێنەوە. ئەوە چیرۆکی ژیانی پیاوێکی شێت نییە بە دنیایەکی ماخولیاییەوە. وڕێنەی ئەویندارێکیش نییە بە دەم خەون و خەیاڵەوە. وەرە با بەڵێنێک بە یەک بدەین. تۆ تا کۆتایی لەگەڵمدا بە و منیش ئەو نهێنییەت بۆ دەدرکێنم.

تۆزێک بەفر باریبوو. مژ و تاریکی نەیاندەتوانی شوێن پێیەکانتم لێ نەدیو بکەن. هەر هیچ شتێک هیچ کات نەیتوانیوە جێ پێی تۆ بسڕێتەوە. نە لە سەر بەفر و نە لە سەر خۆڵ و نە لە سەر هیچ شتێکیتریش...

هەموو ژیانم بە شوێن پێتەوە بوومە و نە شوێن پێتم ون کردووە و نە قەت پێشت گەییوم.

کرپەی بەفر لە ژێر پێتدا ، هاوارێکی نەبڕاوەیە لە گوێچکەمدا... نا لە خەیاڵمدا...

_ دامرێژەوە کوڕەکە... دامرێژەوە. شەکەت بووم لە نێوان ئەو هەموو بوون و نەبوونەدا...

خۆ دەزانم تۆش هیچ کات باوەڕ بەو چیرۆکە ناکەی. ڕەنگە وەک هەمووی ئەو کەسانەی لە دەوروبەرمن، گاڵتەت پێ بێ بەڵام ڕۆژێک دادێ نهێنی ئەو تارمایییە بۆ هەموو کەس بدرکێنم.

هەموو شەوێ بە ترپەی پێت وەخەبەر دەهاتم. دەمزانی دیسان هەر لەو دەوروبەرەی. ناخم هەست بە هەموو جووڵانەوەیەکت دەکا. لە گەڵ تۆمە. ئێستا کە فێری بن ئەو دارە پان و پۆڕە بوویە و لە ئامێزی ئەو تاریکییە ئەنگوستەچاوەدا تواویتەوە. ئەوە توانایی تۆ نییە. ئەوە منم لە دنیای خەون و خەیاڵەوە دەتگوێزمەوە بۆ دنیای بەرهەست.

دیسان بە بێ هەستی دەرگاکەم کردەوە. لە کۆڵانە تەنگ و تاریکەکەماندا، لە ناو ڕەگەکانی تاریکیدا تارماییەکەتم ناسیەوە. وەک هەموو شەوان تۆ ڕۆیشتی و من وەشوێنت کەوتم. هیچ پێم خۆش نەبوو ڕەوتی ڕۆیشتنەکەت ئاوا خێرا کرد. حەزم دەکرد لە پشتەوەڕا لە لار و لەنجەت بڕوانم و هەر بڕۆین و هەر بڕۆین و ئەو ڕۆیشتنە قەت تەواو نەبێ. تۆ گورگەلۆقەت دەکرد و منیش وەک هەموو جاران، بێ ئەوەی بزانم بەرەو کوێ دەڕۆی، بە هەڵە داوان کەوتبوومە دووت....

_ کوڕەکە شتێک هەیە من و تۆ لێک دەبەستێتەوە. هیچ بەربەستێک لە نێوانماندا نییە. ئەو شتە ڕۆحمانە ڕۆح...

تۆ ئەوەت گوت؟ کەنگێ گوتت؟ لە سەر تەپۆڵکەکە، لە ژێر دارە پان و پۆڕەکە، کە بە سەر قەبرستانەکەدا دەڕوانێ، لە تارماییەکەت دەگەڕام. ترسێک لە ناخی دڵەوە ئازاری دەدام. ڕەنگە ترس لە قەبرستان بووبێ. ئاخر من هەر لە منداڵییەوە ئەو ترسەم هەر لە دڵدا بوو. بە ترس و دڵەڕاوکێوە ئاوڕم لە دەور و پشت دەداوە. ئەگەر خۆشەویستی تۆ نەبوایە، ڕەنگە هەرگیز نەموێرابا بەو شەوە ئەنگوستەچاوە بێمە ئێرە. لەناکاو لە نێو ئەو تاریکییە قورسەدا تۆم دیت بە قژەکانتەوە هەڵواسرابووی. هەتا هێزم هەبوو قیژاندم. تۆ وەک بووکەڵەیەک بە قژی سەرتەوە دەسووڕایەوە. وەک ئەوەی با بتهەژێنێ. بە ترسەوە لێت نزیک بوومەوە. چاوەکانت لێک نابوون. کراسێکی سپی گوڵ گوڵی کۆن و دڕاوت لە بەردا بوو. وە مۆمیایی کراوێکی هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەچووی. لەپڕ چاوت هەڵێنان. چاوەکانت دوو قوڵکی تاریک بوون. زەندەقم چوو :

_ بۆ دامنارێژییەوە؟

لە سۆزی دەنگت ڕا هەر ئەو کیژە دلۆڤانەی جیرانمان بووی. کوڵمەت نەختێک تێک قورمابوون. شوێنەوارەکەی سەر کوڵمەت کەوتبووە چاڵی قووپاوەکە. ئەو شوێنەوارەی هی ئەو برینەی بوو کە دایکت گوتبووی "ئاگرۆکە"یە. حەزم دەکرد لە باوشت بگرم. بەڵام تۆ وەک نەخۆشێکی لە گیانی خۆ بێزار، ڕەنگی ئەو حەزەت کاڵ کردەوە.

هەموو لەشت پووچەڵ ببوو... هەموو لەشت. وەک گۆشتی نێوان پێست و ئێسقانت توابێتەوە. دەمزانی بەو هەستەم قەڵسی بەڵام بە هەموو وجوودەوە بەزەییم پێتدا دەهاتەوە. چاوەکانت دوو قوڵکی پڕ لە خەم و پەژارە بوون.

_ دامرێژەوە کوڕەکە... دامرێژەوە. تەنیا تۆی دەتوانی دەسەر یەکم کەیەوە. لەشم...ڕۆحم ...مێشکم...دڵم.

_ چۆنت دەسەر یەک کەمەوە؟

دەنگە کز و خەمبارەکەت وێرانتری کردم. بردمیەوە سەردەمی وێرانی منداڵی. هەستم کرد من خۆم کەسێکم پێویستە ڕێکم خاتەوە.

_ داتدەڕێژمەوە. بەڵێن بێ لە جاران جوانتر و ڕێکوپێکتر...

ئاماژەت بە شوێنێک کرد لە پشت قەبرستانەکە.

بە شوێن تارماییەکەتدا بەرەو ئەو شوێنە وەڕێ کەوتم. بە نێو قەبرستانەکەدا داگەڕامە خوار. -هەر کێلێکی لێم دەڕوانی، وێنەی تۆی لە سەر بوو. هەستم دەکرد هەموو گۆڕەکان هی تۆن. هەستم دەکرد نەک هەر قەبرستانەکە، بەڵکوو ئەو جیهانە هەمووی هەر تۆی و من لە باوەشتدا دێم و دەچم و لە نێو خۆتدا لێت دەگەڕێم. لەناکاو بە سەر ئەو دیمەنەدا کەوتم: مەیدانە ئەسپێک پڕ لە مرۆڤی لەتوکوتکراو. هەزاران دەست و سەر و چاو... هەزاران لاق و سمت و سینگ... هەزاران...

_ چۆنت داڕێژمەوە هەناسەکەم؟ چۆنت داڕێژمەوە؟

هێندێک نیوە زیندوو... شەڵاڵی خوێن..هێندێک شپرزە و بێ سەروبەر...هێندێک بە دەم ئازارەوە چەنگە کڕەیان دەکرد. هێندێک بە ناڵە و نووزەوە شووشەی ڕۆحیان دەڕنیم...بۆنی خوێن هەناسەی گرتبووم. تەلیسێک بە دەست لە نێو ئەو هەموو ئێسک و گۆشتە لەتوکوتکراوە نیوەزیندووەدا دەهاتم و دەچووم. تارماییەکەت لە دوورەوە چاوەڕوانم بوو. بەڵێنم پێ دابووی داتڕێژمەوە. تێ گەڕام: جوانترین چاو... ڕەشترین قژ...جووتێک کوڵمەی تورت... جووتێک مەمکی قنج... ناهێڵم لە هیچ شتێک کورتی بهێنی. جووتێک مەچەکی خڕوخۆڵ و دە قامکی قەڵەمی...هەموو شتت بۆ دێنم ... هەموو شت. تەلیسەکەم هەر دەهات و قورستر دەبوو. دەبوو جووتێک چاوت بۆ پەیدا کەم وەک چاوی خۆت بە دلۆڤانی لێم بڕوانن. جووتێک چاوی کاڵ یان ڕەش؟

کە ئەوانە دەخوێنییەوە وا دەزانی هەمووی درۆیە. دەزانم نە باوەڕت بەو تارماییە هەیە کە من دەمبینی و شوێنی دەکەوتم و نە باوەڕیشت بە داڕشتنەوە هەیە بەڵام ئەوە ڕاستییەکە لە ناو گێژەنێکدا. باوەڕ کردن و باوەڕنەکردنی تۆش هیچ لەو گێژەنە ناگۆڕێ.

بە تەلیسێکی پڕ لە سەر و دەست و لاقەوە گەڕامەوە ئەو شوێنەی بە دارەکەوە هەڵواسرابووی. تەلیسێکی قورس... هەستم کرد جۆگەلە خوێنێک بە تیغەڵەی پشتمدا دەچۆڕاوە. نەمدەزانی خوێنی کام ئەندامە. لاقم لە شتێک گلا. سەرانگرێ بووم. بە تەلیسەوە ڕمبەم لە زەوی هێنا. هەر دووکمان نرکەمان لێهات. هەردووکمان؟

بە هانکەهانک خۆم گەیاندەوە ژێر دارەکە. لەگەڵ دارەکە تێکەڵ ببوویەوە. بەژنت نێرکی دارەکە بوو و هەزاران لک و پۆپت لێ شین ببوو. تەلیسەکەم هەڵڕشت.

_ دەتۆ پەلەم لێ مەکە. باوەڕ ناکەی کەیفی خۆتە. بەڵام لە گەڵم بە. بیخوێنەوە تا کۆتایی.... دواجار دەگەی بەو شتەی چاوەڕوانی...

نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم. حەزم دەکرد وەستایانە داتڕێژمەوە بەڵام دڵەڕاوکێم بوو. ترسم هەبوو هێندێک لەو ئەندامانەی هێنابوومن، هی ژن نەبن، یان شیاوی تۆ نەبان. ئاخر دەکرا ئەو لەشە ناسک و نازدارەی تۆ لووتێکی پیاوانەی پێوەبا؟ یان ....

لە پەنای یەک ڕیزم کردن. لە سەرتەوە دەستم پێ کرد نا لە لاقانتەوە پێداهاتم.....

هەمووی ئەو شەوە زەحمەتم پێوە کێشای. ئەندام بە ئەندام خستمنەوە شوێنی خۆیان. هەر جارە و شتێکم ون دەکرد... جارێک چاو... جارێک دەست... جارێک جەرگ... بەڵام ئەوەی هەر لێی دەگەڕام و نەمدەدۆزییەوە، دڵەکەت بوو. تەلیسەکەم چەندین جار هەڵتەکاند. دیار نەبوو... لە هیچ کوێ دیار نەبوو. بەڕاست تۆ دڵت هەبوو؟ تۆ هەر دڵت پێویست بوو؟ گەڕامەوە شەڕگە. دەبوو دڵێکی گەورە و پاکم بۆ دۆزیبایەوە. تۆ دڵێکی ئاوات پێویست بوو. هەر چەند دەمزانی شتی وا گەلێک دەگمەنە.

بەرەبەرە دنیا ڕووناک بۆوە. من شەڵاڵی خەفەت و ماندوویەتی... تەرمی ئافرەتێک لە ناو دەستم... بە هیچ جۆر شێوەی تۆم لێ نەدەکرد. یان ڕەنگە ئیتر من نەمناسیبێتیەوە.

# KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan  No :799  21 May 2021

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia


## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

**ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.**

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی هەینی ١٠ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سیرووس مەولوودی»، کوڕی ئیسماعیل و خەڵکی مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە شیراز دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی هەینی ١٠ی بانەمەڕ، خوێندکارێکی کورد بە ناوی «ڤیان محەممەدی»، خوێندکاری بواری بەڕێوەبەریی بازرگانی (مودیرییەتی بازرگانی) و خەڵکی مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی بانەمەڕ، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «داریووش خالیدییان»، تەمەن ٢٢ ساڵ، کوڕی هووشەنگ و «مۆحسێن سەعیدی»، تەمەن ٢١ ساڵ، کوڕی حوسێن و خەڵکی شاری قوروە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
شەوی شەممە ١٨ بانەمەڕ، چالاکێکی مەدەنی بە ناوی «عەلی ئەڵڵاوەیسی»، خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی بانەمەڕ، دوو چالاکی کرێکاری بە ناوەکانی «عوسمان ئیسماعیلی» و «مەحموود ساڵحی»، خەڵکی سەقز دەسبەسەر کران.
ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی بانەمەڕ، «ئەمین محەممەدی»، هەواڵنێری هەیئەتی خانەی مەتبووعاتی ئیلام، بەهۆی تۆمارکردنی سکاڵایەکی کۆنی یەکێک لە ناوەندە حکوومەتییەکان، لە شاری سیروان سەر بە پارێزگای ئیلام، دەسبەسەر کرا.
ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی بانەمەڕ، پێنج چالاکی مەدەنی بە ناوەکانی «مورتەزا محەممەدی»، «کەیوان ئەلیاسی»، «ڕەزا ڕەزایی»، «قانێع خاتری» و «مۆحسێن حوسێنپەناهی»، خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.
ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئیبراهیم ئوفتادە» تەمەن ٤٣ ساڵ دانیشتووی گوندی «زێوە»ی شاری پیرانشار، پاش بانگهێشت کردنی بۆ ئیتلاعاتی سپا، دەسبەسەر کرا.

### بانگهێشت کردنی هاووڵاتییان بۆ ناوەندە ئیتلاعاتییەکان:

ئانیسا جەعفەریمێهر و داریووش موڕادی، دوو چالاکی فەرهەنگیی خەڵکی شاباد، بانگهێشتی دادگای ئینقلابی ئەو شارە کران. ئەو دوو چالاکە فەرهەنگییە، بە تۆمەتی «پڕۆپاگەندە دژی نیزام»، بانگهێشتی دادگای ئینقلابی شاباد کراون و دەبێ ڕۆژی شەممە ٨ی جۆزەردانی ئەمساڵ لە دادگای ناوبراو ئامادە بن.

### کوژرانی زیندانی:

شەوی دووشەممە ٢٧ی بانەمەڕ، زیندانییەک بە ناوی «ئەمیر ڕەزایی»، تەمەن ٣٥ ساڵ خەڵکی ورمێ لە ئەنجامی ئەشکەنجەی توندی مەئموورانی زیندانی ناوەندیی ورمێ گیانی لەدەست دا.

### ڕەوانە کردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

عوسمان ئیسماعیلی و مەحموود ساڵحی، پاش دەسبەسەرکرانیان لەلایەن لقی ٣ی لێپرسی دادسەرای گشتی و ئینقلابی سەقز و دیاریکردنی بارمتە بۆ ئازادیی کاتییان، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کران.
ڕۆژی سێشەممە ٢٨ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سلێمان کەریمپوور»، خەڵکی گوندی «خوڕخوڕە» سەر بە شاری مەهاباد، بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

### مانگرتنی زیندانی:

لە ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی بانەمەڕەوە، موژگان کاووسی، نووسەر و لێکۆڵەری کوردی بەندکراو لە بەندی زیندانی ئێڤین دەستی داوەتە مانگرتنی سنووردار..

### بێبەری کردنی زیندانی لە مافی مەرەخەسی:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی « خالید محەممەدزادە ئەقدەم»، خەڵکی گوندی «خوڕخوڕە» سەر بە مەهاباد، لە زیندانی ئەو شارە، لە مافی مەرەخەسی بێبەری کراوە.

### کوژران و بریندارنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «پەرویز جەباری»، تەمەن ٣١ ساڵ، کوڕی عەبدوڵڵا و خەڵکی گوندی «مەنسووراوا» سەر بە ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، لە ئەنجامی ڕاودوونانی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، کەوتە نێو ڕووباری «بنار» و خنکا.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «فەرهاد فاتحی»، کوڕی ئەسغەر، خەڵکی گوندی «ئاهەنگەران» و دانیشتووی کامیاران، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە شاری خوڕڕەماوا سەر بە لوڕستان، بریندار بووە.

### کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران و کاسبکاران:

ڕۆژی چوارشەممە ١٥ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «مەسعوود محەممەدی»، خەڵکی گوندی «نەنۆڕ»ی بانە، لە سنووری ئەو شارەوە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.
ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێک بە ناوی «ئەیووب»، تەمەن ٢٧ ساڵ و خەڵکی سەقز، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری بانە بریندار بوو.
ڕۆژی دووشەممە ٢٠ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئاکۆ قادری»، خەڵکی گوندی «ماشکان» سەر بە پیرانشار، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بوو.
لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، دوو کۆڵبەر بە ناوەکانی «کۆسار و ئەکرەم ڕۆستەمنژاد»، کوڕی ئەحمەد و خەڵکی گوندی «شمشێر» سەر بە پاوە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران و بەربوونەوە لە بەرزاییەکانی سنووری نەسوود بریندار بوونە. هەر لەو پەیوەندییەدا، ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێک بە ناوی «محەممەد میرزایی»، خەڵکی نەغەدە، لە سنووری پیرانشار بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی بریندار بووە و بۆ چارەسەری پزیشکی ڕەوانەی یەکێک لە ناوەندە دەرمانییەکانی پیرانشار کراوە.
ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «حەسەن عەلەم هوولوو»، خەڵکی چاڵدێران، بەهۆی تەقەی هێزەکانی ئەرتشی تورکیەوە بریندار بووە.
شەوی شەممە ٢٥ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «زابت ئالخانی»، تەمەن ٤٦ ساڵ، کوڕی عەزیز و خەڵکی گوندی «ئاغبەرزە» سەر بە بەخشی کۆهساری سەڵماس، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتییەوە گیانی لەدەست داوە.

ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێک بە ناوی «عەبدوڵڵا»، بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «زلە»ی شاری بانە بریندار بوو.
ڕۆژی دووشەممە ٢٧ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «یووسف ئەمینی»، خەڵکی گوندی «نەنۆڕ» سەر بە بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری «برویشکانی»ی ئەو شارەوە، بریندار بوو.

### ئێعدام:

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی هێرانا، سەرلەبەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٢٦ی بانەمەڕ، حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییەک بە ناوی «جەماڵ محەممەدی»، بە تۆمەتی «قەتڵ»، لە زیندانی ئیلام جێبەجێ کرا.

### تەقینەوەی مین:

ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی بانەمەڕ، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «نادر سابیری»، کوڕی براخاس، خەڵکی گوندی «تیلەکۆ» و دانیشتووی کامیاران، بەهۆی تەقینەوەی مین لە سنووری نەوسوود بریندار بوو.
ڕۆژی چوارشەممە ٢٢ی بانەمەڕ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدوڵڵا سەرئەفراز»، تەمەن ٢٣ ساڵ و خەڵکی گوندی «توەوە» سەر بە سەردەشت، بەهۆی تەقینەوەی مین بە توندی بریندار بوو.
وەرزێڕێکی تەمەن ٤٥ ساڵ، لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی گوندی «حەسەناوا» سەر بە شاری شاباد، بەهۆی تەقینەوەی مین بریندار بوو.

### خۆکوژی و خۆکوشتنی ژنان و پیاوان:

ڕۆژی پێنجشەممە ١٦ی بانەمەڕ، ژنە هاووڵاتییەک بە ناوی «سۆیبە سەید عەبدوڵڵازادە»، کچی خالید، خەڵکی گوندی «حاجی لەک» سەر بە ناوچەی «چۆمی مەجیدخان»ی بۆکان کە ئاگری لە جەستەی خۆی بەردابوو، بەهۆی قورسیی برینەکانییەوە لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی تەورێز، گیانی لەدەست دا.
ژنە هاووڵاتییەک بە ناوی «فاتمە عەلیپوور»، کچی عوسمان و خەڵکی گوندی «کانیڕەش» سەر بە ناوچەی سۆما و برادۆستی ورمێ، ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا، کچێکی مێرمنداڵ، بە ناوی «فەرزانە محەممەدی»، تەمەن ١٧ ساڵ و خەڵکی شاری سەردەشت کە لەلایەن بنەماڵەکەیەوە بەزۆر بە شوو درابوو، هانای بۆ خۆکوژی برد.
ڕۆژی شەممە ١٨ی بانەمەڕ، ژنێکی دووگیان بە ناوی «ئەفسانە مورادی»، خەڵکی ناوچەی قۆتووری شاری خۆی، هەوڵی خۆکوژیی دا و کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
شەوی ٢٠ی بانەمەڕ، کچێکی تەمەن١٤ ساڵ بە ناوی «میدیا ڕەحمانی»، کچی سەلاح، بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.
ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٨ی بانەمەڕ، دوو پەنابەری سیاسیی کورد بە ناوەکانی «بێهزاد (محەممەد) مەحموودی» خەڵکی بۆکان و «فەردین گرامی» خەڵکی نەغەدە لەبەردەم دەفتەری نوێنەرایەتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر دەستیان دایە مانگرتن. پاش چەند ساتێک و لە پێش چاوی کامێرای چەند میدیایەکی باشووری کوردستان بێهزاد مەحموودی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا و لە ماوەیەکی کورتدا لە هەموو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیاکان ڕووماڵ کرا.

### گیانلەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

ڕۆژی یەکشەممە ١٩ی بانەمەڕ، کرێکارێک بە ناوی «ئیسلام قادری»، تەمەن ٤٠ ساڵ، کوڕی فەتاح و خەڵکی گوندی «کۆڵێژ»ی شاری مەریوان، لە کاتی کارکردندا تووشی ڕووداوی کار بوو.
ڕۆژی شەممە ٢٥ی بانەمەڕ، لە یەکێک لە نانەواخانەکانی شاری دەڕەشار سەر بە پارێزگای ئیلام، منداڵێکی کار، تەمەن ١٣ ساڵ، بەهۆی گیرکردنی لە دەزگای نانەواخانە، تووشی ڕووداوی کار بوو.